## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٣١ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | بە سەرهاتی( إسماعیل )ـی کوڕی ( إسحاق )لە گەڵ خەلیفە( معتضد ) | سەرنوسەر |
| ٣ | بەهەشت! ... ماڵێك بۆ باوەڕداران | إدريس محمود |
| ٤ | وریای تاوانە بچوکەکان بە | زانست |
| ٥ | بیــروباوەڕ | پشتیوان حسن |
| ٧ | باشترین کار بەردەوامییە ئەگەر کەمیش بێت! | ڕێناس محمد |
| ٨ | هەردووکیان مانگە شەون، بۆ شەوانی تاریکمان | جیهاد قادر |
| ١٠ | هەندێك لەو ئادابانەی کە پێویستە لێی دووربکەوینەوە | هیوا محمد |
| ١١ | گاڵتە کردن بە بەشێك لەدین | ئومێد حەمزە |
| ١٢ | فەرمانی چیتان پێ دەکات؟! | سۆران عثمان |
| ١٣ | ئایا لەڕووی تەندروستی یەوە زیانەکانی خوی نهێنی چی یە ؟ | سایتی بەهەشت |
| ١٤ | ئایا جن چوونە لەشی مرۆڤ و زیان پێگەیاندنی،مەسەلەیەکی خیلافیە؟ | فلاح حسن |
| ١٦ | کام لاویت..؟ | بلال جلال |
| ١٧ | بومەلەرزە....پەندوئامۆژگاری یە بۆ باوەڕداران تۆڵەو سزایە بۆبێ باوەڕان | نێرگز محمد |
| ١٩ | شارستانیەتی ئیسلامی لەنێوان پەڕەکانی مێژوو وهیواکانی داهاتووماندا | پشتیوان محمد |
| ٢١ | زاڵبوون بەسەر وەسوەسە جنسیەکانی شەیتاندا | زانست |
| ٢٢ | ئایا غوسل یان لەش پیسی چۆن دەردەکرێ ؟ | م.محمد عبدالرحمن |
| ٢٣ | ئایا زینا لێخۆشبونی هەیە؟ | م.محمد عبدالرحمن |


**تێبینـــی** : بـۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابــەتیان بڵاوبێتــەوە ، زانـــست ئـــەو دەرفەتـــەیان بـــۆ دەڕەخـــسێنێت ، بـــەڵام بابەتـــەکانیان بـــەپێی مـــەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە نـاوی سەرچـاوە بکرێـت ... ٣ . تـا دەتوانرێـت کـورت و پـوختکراو بێـت ... ٤ . ئامادەکـار نـاوی خـۆی و کۆلێـژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت . ٦ . ئەگەر بابەتەکە فەرمودەی تیا بوو پێویستە (تحقیق) و(تخریج)کرا بێت .

بـە ڕەخنـە و پێـشنیارەکانتان بڵاوکراوەکـەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدین .**

**دەستەی نووسەران :**

**جیهاد قادر**/ فێرخوازی ماستەر – ز . قاهیرە

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**هێمن عبدالکریم** / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر.

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە

## بە سەرهاتی ( إسماعيل ) ــی کوڕی ( إسحاق )
## لە گەڵ خەلیفە ( معتضد ) و چەند پەند وئامۆژگاریەك

سەردەمانێکی پێش ئێستا کەسانێکی نەخوێندەوار ونەزان کە دەڕۆشتنە لای فاڵچی و تاڵەگر و جادوگەران ، ئەوان بەوە هەڵیان دەخەڵەتاندن کە سەیری کتێبیان بۆ دەکەن !!! و بگرە هەندێکیان دەیانووت : سەیری قورئانیان بۆ دەکەن !!!

بەڵام ئەم جارەیان . بەپۆشاکێکی نوێی ئاییینیەوە . لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەسانێکی نەزانی وا دەرکەوتوون کە بەهەموو نەفامیەکیانەوە لەباسێکی هاوشێوەی باسی پێشوودا دەڵێن : ئەگەر کەسێك هەستا بەنووسینی کتێبێك ، و تێیدا ووتەی زانایەکی لەزانایان یان هەندێك لە زانایانی هێنایەوە بۆ پرس و باسەکەی ، ئەوا دروستە ئەو نووسراوە بخوێنرێتەوە و سودی لێوەربگرێت . تەنانەت ئەگەر نووسەرەکە جولەکەش بێت !!! ، چونکە ئەو تەنها کۆکەرەوەی ووتەکانە !!!

بەڵام با بڕوانینە بەسەرهاتی زانایەك لە زانایانی پێشین کە ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەم ووتەیەی لەگەڵدا ڕوودەدا ، و با بزانین هەڵوێستی ئەم زانا بەڕێزە چی دەبێت ، و پاشان بەراوردی ووتەکەی بکەین لەگەڵ ووتەی نەفام و نەزانانی ئەم سەردەمە ، دواتار هەندێك لەو ئامۆژگاریانە بخەینە ڕوو کە لە بەسەرهاتەکەوە وەردەگیرێت :

( إسماعيل ) ــی کوڕی ( إسحاق القاضي ) ــ بەڕەحمەت بێت . بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە ، و دەفەرمووێت : ڕۆژێکیان ڕۆشتمە لای خەلیفە ( المعتضد) وئەویش کتێبێکی پێدام بۆ ئەوەی تەماشای بکەم ، دەفەرمووێت : کە تەماشام کرد بینیم هەڵە و ڕوخسەتەکانی هەموو بۆ کۆکراوەتەوە . واتە : هەموو ئەو فەتوایانەی کە زانایان تیایدا نەیانپێکاوە . ، لەگەڵ ئەو بەڵگانەش کە هێناویانەتەوە بۆ فەتواکانیان ، دەفەرمووێت : ووتم : ئەی پێشەوای موسڵمانان : دانەری ئەم کتێبە زندیقە ، خەلیفەش بە سەرسوڕمانیەکەوە فەرمووی : ئەی ئەم فەرموودانە ( صحيح ) نین ؟! ، دەفەرمووێت : ووتم : فەرموودەکان بەو پێیەی کە گێڕراونەتەوە ، بەڵام : ئەو کەسەی کە مادەی سەرخۆشکاری بە حەڵاڵداناوە ، هاوسەرگیری موتعەی ( واتە : سیخە ) ی حەڵاڵ نەکردووە ، ئەوەش کە هاوسەرگیری موتعەی حەڵاڵکردووە ، گۆرانی و مادە سەرخۆشکارەکانی بە حەڵاڵ دانەناوە ، ئەوەش بزانە کە هیچ زانایەك نیە ئیللا هەر هەڵەی هەیە ، بەڵام هەرکەسێك هەموو ئەو فەتوایانەی کە زانایان تێدا نەیان پێکاوە کۆبکاتەوە ، وکردەوەی پێ بکات : ئەوا ئاییینەکەی نامێنێت و لە ناو دەچێت ، پاشان خەلیفە فەرمانی کرد بەوەی کە ئەو کتێبە بسووتێنرێت )) ( رواه البيهقي في سنن البيهقي الكبرى ج : ١٠ ص : ٢١١ ، وانظر : البداية والنهاية ج : ١١ ص : ٨٧ ، وإرشاد الفحول ج : ١ ص : ٤٥٣ ، وسير أعلام النبلاء ج : ١٣ ص : ٤٦٥ ) .

### پەند وئامۆژگاریەکانی ئەم چیرۆکە :

١ ـ مەرج نیە هەرچیەك لە کتێبدا نووسرابێت ، ووتەی ڕاست ودروست بێت ، ومتمانەی بکرێتە سەر ، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە بانگەشەکارانی گومڕایی بەناو ئاین زۆربوون !!!

٢ ـ مرۆڤ دەبێت بەپێی ئارەزووەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ هەڵەی زانایان نەکات ، بەوەی مادام بەدڵێتی کۆیان بکاتەوە ، وبیانکات بە پەیڕەوی ژیانی ئەگەرچی بەڵگەشیان هەڵە و بێ بەڵگەش نن !!!

٣ ـ چەواشەکاران بۆ ڕەواجدان بە گومڕاییەکانیان ووتەی زانایان دەقۆسنەوە ، و بۆ ئەو مەبەستەی بەکاردەهێنن .

٤ ـ زانایانن پارێزەری موسڵمانان لە چەواشەکاری ، و ئاشکراکاری چەواشەکارانن .

٥ ـ ( صحيح ) ێتی فەرموودە و هێنانەوەی بەبەڵگە لە فەتوادا مانانی دروستی فەتواکە نیە .

٦ ـ هەموو مرۆڤێك هەڵەی لێدەوەشێتەوە . ئەگەرچی زاناش بێت . بەڵام نابێت لە هەڵەکانیاندا چاویان لێبکرێت .

٧ ـ شوێنکەوتنی هەڵەی هەموو زانایان هۆکاری خراپی و دوورکەوتنەوەیە لە ئاین.

**سەرنوسەر**

## بەهەشت! ... ماڵێك بۆ باوەڕداران

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبي بَعْدَهُ :

**قەرەباڵغی و جەنجاڵی ژیان وای لە زۆرێك لە خەڵکی کردووە بەهەشت وەکو خەیاڵ یان وەکو بیرکردنەوەی خۆش بێتە بیریان نەك وەکو ئەوەی تامەزرۆی بن و بەڕاستی هەوڵی بۆ بدەن، ئەم کەمتەرخەمیەش بێگومان کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر کردەوەکان لەوەی کە کەم بن و پوخت نەبن، جا وەکو هاندانێك بۆ بەهەشت و پاشانیش کردەوەکردنی چاکتر و زیاتر کۆمەڵە فەرموودەیەك لە بارەی بەهەشتەوە دەخەینە ڕوو، خوای گەورە هەموو لایەکمان سوودمەند بکات و وامان لێبکات ( کردەوەکانمان ڕاستخەرەوەی وتەکانمان ) بێت .**

### ١ . باخەکانی بەهەشت :

* **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** " جنتان من فضة آنيتهما وحليتهما وما فيهما، وجنتان من ذهب وحليتهما وما فيهما "( مُسلِم : ١٨٠ ) .




**واتە : لە بەهەشتدا دوو باخ هەیە خۆی و ئەوەشی تێیدایە لە زیوە، وە دوو باخی تێدایە خۆی و ئەوەشی تێیدایە لە ئاڵتونە .**

### ٢ . خانووەکانی بەهەشت :

* **پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی بینای بەهەشت فەرموویەتی :** " لبنة من ذهب، ولبنة من فضة، وملاطها المسك الأذفر، وحصباؤها اللؤلؤ والياقوت، وترابها الزعفران " ( صححه الألباني في المِشكاة : ٣ / ٨٩ ) .**واتە : خشتێکی لە ئاڵتونە و خشتێکی لە زیوە و گیراوەکەشی لە میسکە و چەو و بەردەکەشی گەوهەر و مرواریە و خۆڵەکەشی زەعفەرانە .**

### ٣ . خێمە و چادرگەی بەهەشت :

* **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** " إن لِلمؤمن في الجنة لخَيمة من لؤلؤةٍ واحدةٍ مجوفة طولها سِتون ميلا ( في كل زاوية منها أهلون ) يَطوفُ عليهمُ المؤمنُ فلا يَرى بَعضُهُم بَعضاً " ( مُسلِم : ٢ / ٥٣٤ ) .

**واتە : باوەڕدار لە بەهەشتدا چادرگەیەکی بۆ هەیە کە لە مرواری ناوبۆش دروستکراوە درێژیەکەی شەست میلە ( لە هەر سوچێکدا هاوسەری تێدایە ) باوەڕدار بەسەریاندا دەگەڕێت و کەسیان یەکتر نابینن واتە : خێزانەکانی یەکتر نابینن .**

### ٤ . درەختەکانی بەهەشت :

* **پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی :** " ما مِن شَجَرَةٍ في الجنةِ إلا وساقُها مِن ذَهَب " ( صَحيحُ الجَامِع : ٥٦٤٧ ) .

**واتە : لە بەهەشتدا هیچ درەختێك نیە ئیللا قەدەکەی لە ئاڵتونە .**

### ٥ . میوەکانی بەهەشت :

* **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** " إِني رَأَيتُ الجَنةَ ـ أَو أُريتُ الجَنةَ ـ فَتَناوَلتُ منها عُنقودا، ولَو أَخذتُهُ لَأَكَلتُم مِنهُ ما بَقيتِ الدنيا " ( صَحيحُ سُنَنِ النسائي : ١٤٠٥ ) .

**واتە : بەهەشتم بینی ـ یان بەهەشتم پیشان درا ـ دەستم برد بۆ هێشوویەك ( بۆڵێك ) ترێ، ئەگەر بمهێنایە هەتا دونیا دەما لێتان دەخوارد .**

### ٦ . خواردنەوەی بەهەشت :

* **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** " إن الرجل مِن أَهلِ الجنةِ لَيشتَهي الشرابَ مِن شَرابِ الجنةِ فَيجيء الأبريق فَيقَعُ في يَدِهِ فَيشرَبُ ثُم يَعودُ إِلى مَكانه "( صحيح الترغيب : ٣٧٣٨ )

**واتە : یەکێك لە بەهەشتیەکان ئارەزووی یەکێك لە**

**خواردنەوەکانی بەهەشت دەکات پەرداخەکە دێتە ناو دەستیەوە ئەویش دەیخواتەوە و پاشان پەرداخەکە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی .**

**٧ . حۆریەکانی بەهەشت :**

* **پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **فەرموویەتی** : " على كُل زوجةٍ سبعون حلة يُرى مُخ سوقهما من وراء لحومِهما وحللهما، كما يُرى الشرابُ الأحمر في الزجاجة البيضاء"( صَحيحُ الترغيب : ٣٧٤٥ )

**واتە : هەریەکێك لەو حۆریانە حەفتا پۆشاکی لەبەردایە مۆخی ناو ئێسکی قاچیان دیارە لە پشتی گۆشت و پۆشاکەکانیانەوە وەك چۆن شەرابی سوور دیارە لەناو شوشەی سپیدا .**

**٨ . بینینی خوا ـ سبحانە وتعالی ـ :**

* **پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **فەرموویەتی** : " فَواللهِ ما أَعطاهُمُ اللهُ شيئا أحَب إليهم ( ولا أقر لأعيُنِهم من النظرِ إليهِ " ( السلسِلَة الصحيحَة : ٧٥٥ ) .

**واتە : سوێند بە خوا خوا هیچ شتێکی نەداوە بە بەهەشتیەکان خۆشەویستر بێت لە لایان و دڵخۆشتر بێت بۆیان لە بینین و تەماشاکردنی خوای گەورە .**

**لە کۆتاییدا :**

**خۆشەویستم بزانە ئەو بەهەشتەی بۆت وەسفکرا ڕۆژێك دێت دەچیتە ناوی . إِنْ شَاءَ اللهُ . ئەگەر بێتوو باوەڕدارێکی چاکەکار بیت، جا بۆیە هەوڵەکانت زیاتر بکە و بەهەشت لە دەست خۆت مەدە چونکە لەدەستدانی بەهەشت ماڵوێرانی و ڕیسواییە — خوا بمانپارێزێت — جا ئەوە دونیا ئەوە کات بەڵام وریابە دونیا و کاتیش تەواو دەبن .**

وَصَلى اللهُ عَلَى مُحَمدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمد

**إدريس محمود / دەرچووی یاسا**

## وریای تاوانە بچوکەکان بە

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبـي بَعْدَهُ :

**برای لاوم لەوانەیە زۆر جار نەفسی بەدکار و شەیتان وات لێبکەن کە نرخ بۆ تاوانە بچووکەکان دانەنێیت و بە شتێکی کەمیان بزانیت وە گومانیش لەوەدا نیە کە تاوانی بچووك وەکو تاوانی گەورە نیە، بەڵام ئەوەش بزانە کە:**

أ / **مرۆڤ زۆرجار تاوانە بچووکەکان بەکەم دەزانێت، کەچی هەر ئەو تاوانە بچووکانەیە کە ئەگەر مرۆڤ بەردەوام بێت لە سەریان، ئەوا ئەو تاوانانە کۆدەبێتەوە و کەسەکە لە ناو دەبات، پێغەمبەری خوا** ﷺ **بە دایکی ئیمانداران عائشە** ـ رضي الله عنها ـ **دەفەرموویت :**

(يَا عَائِشَةُ ، إِيَّاكِ وَمُحَقَّرَاتِ الأَعْمَالِ فَإِنَّ لَهَا مِنَ اللَّهِ طَالِبًا ) السلسلة الصحيحة ( ٥١٣ )

**واتە : ئەی عائیشە، ئامان خۆت بپارێزە لەو تاوانانەی کە زۆر بچوکن و خەڵك بەکەمیان دەزانن ، چونکە خوای پەروەردگار موحاسەبەی خەڵکیان لە سەر دەکات .**

**هەروەها دەفەرموویت** : ( إِيَّاكُمْ وَمُحَقَّرَاتِ الذُّنُوبِ كَقَوْمٍ نَزَلُوا فِي بَطْنِ وَادٍ فَجَاءَ ذَا بِعُودٍ وَجَاءَ ذَا بِعُودٍ حَتَّى أَنْضَجُوا خُبْزَتَهُمْ ) السلسلة الصحيحة ( ٣٨٩ ) .

**واتە : ئامان خۆتان بپارێزن لەو تاوانانەی کە زۆر بچوکن و خەڵك بەکەمیان دەزانن ، چونکە نموونەی ئەو تاوانانەی کە بە کەمیان دەزانن ، وەکو کۆمەڵە کەسێك وایە کە دەڕۆنە دەشت و دۆڵێکەوە و ئەمەیان چیلکە دارێکی هێنا و ئەویتریشیان چیلکەیەکی تر ، تاوەکو بەو چیلکانە ئاگرەکەیان داگیرساند و چێشتەکەیان پێ لێنا و پێگەیشت .**

**ئا / زانست**

**خَلِّ الذنوبَ صَغيرَها، وكَبيرَها فهوَ التُقى**
**كُن فَوقَ ماشٍ فَوقَ أرضِ الشوكِ يَحذَرُ ما يَرى**
**لا تَحقِرَنَّ صَغيرَةً، إنَّ الجِبالَ مِنَ الحَصى**

# بیـــــــــروبـــــــاوەڕ

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبي بَعْدَهُ :

ئەی ئوممەتی یەکخواپەرست: لەڕاستیدا قسەکردن دەربارەی بیروباوەڕ لەگرنگترین وپێویستترین بابەتەکانەو دەبێت بەگوێی خۆمان وهەموو موسڵمانانیدا بدەین وفێری ببین، چونکە ئەوە بابەتێکە کە واجبە لەسەر هەموومان بەبێ جیاوازی وەکو هیچ زانستێکی شەرعی تر نیە کە هەندێك کەس بیانزانێت وفێریان ببێت بەڵکو تەنانەت فێربوون وزانینی ئەوانیش تەنها لەپێناو بتەوکردن ودامەزرانی بیروباوەڕدایە و لەوبارەیەوە تێدەکۆشێت وەهەتاکو بیروباوەڕیش دروست وڕێك نەبێت حوکم وبڕیارە شەرعیەکانیش بەتەواوی وەرناگیرێن و جێ بەجێ ناکرێن.....

**بەڕێزان:** بیروباوەڕ بابەتێکی لاوەکی نیە لەبیرکردنەوەدا، گوفتارێك نیە کە وتن ونەوتنی وەکویەك بێت، پرسێکی پەراوێزخراو نیە لەدین وخواپەرستیدا، بەڵکو لەپێش هەموو بابەتەکانەوەیە و تەواوی زانستەکان لەدوای ئەوەوە دێن وئەو سەرەتای هەموویانە وە ئاراستەیان دەکات ئەبێت ئەو پاڵفتەیان بکات و لەتەرازووی ئەو دەرچن و ڕێك وڕاستیان بکاتەوە ئەوجا ئەو زانستە یاخود ئەو پەرستشە دروستەو وەرگیراوە.

**خوێنەران:** بیروباوەڕ بریتیە لەو فیترەتە پاکەی کە خوای پەروەردگار مرۆڤەکانی لەسەر بەدی هێناوە، و پێویستیەکی هەنووکەییە بۆ ناخ ودەروون وڕۆح، بەشێوەیەك کە ئەگەر فەرامۆش بکرێت ووازی لێ بهێنرێت ئەوا بۆشاییەك جێ دەهێڵێت ودروست دەکات لەناخ ودەروونەدا کەبەهیچ شتێکی تر پڕناکرێتەوە و بابەتێکی تر نیە جێگەی بگرێتەوە، برسێتیەك لە ڕۆحدا بەرپادەکات کە تێربوونی بۆ نیە، و دارمانێك لەویژداندا دەهێنێتە کایەوە کە چیتر ڕاناوەستێتەوە.

**بیـــروبـــاوەڕ چیـــە:** بیروباوەڕ ئەو بابەتە زانستیانەن کە جێگەیان دڵەو مرۆڤ بەهۆیەوە دینداری خوای پێ دەکات، کەدڵ لەسەری گرێ دەدات بەشێوەیەك کە ڕەگی لە قوڵایی ناخ و کانگای دڵەوە داکوتاوەو بەشێوەیەك دامەزراوەو چەسپاوە کە هیچ گومان ودوودڵیەك ڕووی تێ نەکات وکاری لێ نەکات، تەنانەت ئەگەر شاخەکان لەشوێنی خۆیان بجوڵێن بیروباوەڕ لەدڵی باوەڕداردا نابزوێت و جێگیرە.

وتراویشە: بیروباوەڕ بریتیە لەو بابەتانەی کە پێویستە بەدڵ بەڕاستیان بزانیت ودەروونت پێی ئارام بێت و ببێتە یەقین لەلات و گومان و دڵەڕاوکێ کاریگەری لێ نەکات. وە بیروباوەڕ تەنها قسەیەك نیە کەبەدەم بووترێت بەڵکو شتێکە دەخرێتە دڵەوەو تێیدا جێگیردەبێت و لەسەر ئەوەش دەگەیت بە خوای پەروەردگار.

**لە کوێوە بیروباوەڕمان وەربگرین؟** ئایا بیروباوەڕمان لە کتێبە فەلسەفیەکانەوە وەربگرین؟! لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە؟ یان لە شاشەی تیڤیەکانەوە؟ یاخود بەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکان؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر، بەڵکو بیروباوەڕمان لە قورئان و سوننەتی صحیحەوە وەردەگرین کە شاهێدی پێغەمبەرەکەمانی لەسەرە صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێت: " تركتُ فيكُمْ شَيْئَيْنِ : لَنْ تَضلُّوا بعْدَهُما: كِتابَ اللهِ، وَسُنَّتِي، ....." {صحيح الجامع ، رقم ٢٩٣٧}. واتە: لە دوای خۆم دوو شتم بۆ جێ هێشتوون کە ئەگەر دەستیان پێوە بگرن وپێوەی پابەندبن ئەوا هەرگیز گومڕا نابن وتووشی لادان ولاڕێ بوون نایەن....

**چۆن لە بیروباوەڕمان تێبگەین لە قورئان وسوننەتەوە؟**

بەشێوەیەك بیروباوەڕمان تێدەگەین لە قورئان وسوننەتەوە هەروەکو چۆن جیلی یەکەمی ئەم ئیسلامە

تێی گەیشتوون، کە ئەوانیش هاوەڵانی پێغەمبەرن ﷺ ، کە ئەویش دیسان بەشاهێدی پێغەمبەری خوا کە ئەوان لەسەر ڕاستترین ڕێگاو ڕێبازن کەدەفەرموێت: " وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة،كلهم في النار إلاّ واحدة، قالوا ما هي يا رسول الله؟ قال: هي التي تكون على ما أنا عليه وأصحابي" {السلسلة الصحيحة: رقم ١٤٩٢}.

واتە:لەئایندەیەکی نزیکدا ئوممەتەکەم دەبێت بە حەفتاوسێ بەش وتاقمەوەو هەموویشیان لە ئاگردان تەنها یەکێکیان نەبێت، ووتیان ئەو یەکە کامەیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: ئەو تاقمەیە کە لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆن کە ئەمڕۆ من و هاوەڵانمی لەسەرە( قورئان وسوننەت).

**بۆچی دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە بیروباوەڕ فێرببین؟**

لەبەرئەوەی بیروباوەڕ بنچینەو بنەڕەتی دینە بەشێوەیەك کە هەموو بابەتەکانی تر لەسەر ئەو بونیاد دەنرێن ولەشوێن ئەودێن، جا هەتا بنچینەکە توندوتۆڵتربێت ئەوا بەشەکانی تریش دامەزراوترو قایمتر دەبن، ئەگەر کەسێك بڵێت من دەتوانم خانوویەك دروست بکەم ولە قاتی دووەمەوە دەست پێبکەم پێش قاتی یەکەم، ئایا ئەمە دەچێتە عەقڵەوە؟ وە ئەم قسەیە لە کەسی ژیرەوە دەردەچێت؟ یان بڵێت من خانوویەك دروست دەکەم لەسەر ئاو! نابێت بەڵکو هەموو ئەمانە خەیاڵن، کەواتە هەتاوەکو بنەڕەتەکە باشتربێت ئەوا بێباکتری لەکارەکانتدا.

وەهەروەها لەبەر ئەوەی بیروباوەڕ زۆر پێویستە بۆ ژیانی موسڵمان تەنانەت پێویستترە لە هەواو خۆراك بۆ مرۆڤ، چونکە نەبوونی هەواو خۆراك ژیانی مرۆڤ ناهێڵن بەڵام نەبوونی بیروباوەڕ دوارۆژی مرۆڤ ناهێڵن وڕەوانەی دۆزەخی دەکەن پەنابەخوا. وەهەروەها لەبەر ئەوەی هەموو کردەوەکان بەبێ بیروباوەڕێکی ڕاست ودروست وەرناگیرێن وقبوڵ ناکرێن لای خوای گەورە وە هەرکردارێك یان گوفتارێك ئەگەر شیرکی تێکەڵ بوو ئەوا ڕەددەکرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا و وەرناگیرێت، وەکو خوای پەروەردگار لەسورەتی زومەردا دەفەرموێت﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنْ الْخَاسِرِينَ (٦٥) بَلْ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُنْ مِنْ الشَّاكِرِينَ (٦٦)﴾ واتە: سوێند بەخوا بادڵنیابن کە وەحی نێردراوە بۆتۆو بۆ ئەوانەی پێش تۆش ئەگەر هاتوو شەریك بۆ خوا بڕیاربدەیت ئەوا کار وکردەوە چاکەکانیشت پووچەڵ دەبنەوەو دەچیتە ڕیزی خەسارەتمەندان، نەخێر بەگوێیان مەکە، کەواتە هەربەتەنها خوا بپەرستەو لەدەستەی سوپاسگوزاران بە.

هەربۆیە دینی هەموو پێغەمبەران وەك یەك وایە لەڕووی بیروباوەڕەوە بەوەی کە تەنها یەکخوا بپەرستین وهاوەڵی بۆ بڕیارنەدەین وباوەڕمان پێی هەبێت و بەوشێوەیەی کە خۆی لێمانی دەوێت.

سوودێکی تری فێربوون و زانینی بیروباوەڕ ئەوەیە موسڵمان دامەزراوتر سەقامگیرتر دەکات لەسەر دینداریێتی و وای لێ دەکات بتوانێت ڕووبەڕوی هەموو ئەو گومان وشوبوهاتانە ببێتەوە کە لەلایەن بێباوەڕان ودوژمنانی ئیسلامەوە بەنێو موسڵماناندا بڵاودەکرێنەوە بۆ لەخشتە بردنی ڕۆڵەی موسڵمانان، هەر بۆیەشە دەبینین ودەبیستین کە بەداخەوە هەندێك لەوانەی کە ڕوویان لە دەرەوە کردووە لە موسڵمانان و لەوڵاتانی بێباوەڕ نیشتەجێن زوو دەکەونە ژێر کاریگەری خراپی دروشم وگومان وئاینە ناڕەواکانی جولەکەو گاورانەوە و بەبیروباوەڕێکی خراپ و دوور لەئیسلامەوە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ودەبنە هۆی گومڕاکردنی خەڵکی تریش.

**پشتیوان حسن ( دەرچووی ئینگلیزی )**

خَيرَ العَمَلِ أدوَمُهُ وَإنْ قَلَّ

## باشترین كار بەردەوامییە ئەگەر كەمیش بێت!

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم الأنبياء والمرسلين وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه اجمعين وبعد:

**خوشك و برا ئیمانیەكانم خودای گەورە لە سورەتی الذاریات ئایەتی ٥٥ دا دەفەرموێت:** ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَىٰ تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ **واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام ئامۆژگاری بكە، چونكە ئامۆژگاری هەمیشە كەڵك بەبڕواداران ئەگەیەنێ ئەگەرچی بێباوەڕانیش سوودی لێوەرنەگرن. بێگومان چەندین كاری چاك هەیە بەڵام ئەبێت هەمیشە فەرموودە ئاڵتونییەكانی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) لەبیر بێت كە پێمانی ڕاگەیاندووە:** (وَاعْلَمُوا أَنَّ أَحَبَّ الْعَمَلِ إِلَي اللَّهِ أَدْوَمُهُ وَإِنْ قَلَّ).[بخاري / الرقاق/ ٦٠٩٩]

**واتە: بیشزانن خۆشەویسترین كردار لای خوا بەردەوامترینیانە باكەمیش بێت. لەبەر ئەوە كاتێك كارێكی باش دەكەیت سەیری بچوكی كارەكە مەكە دڵنیابە لەوەی خوای پەروەردگار زۆر بە گەورەی تەماشای كارەكەت دەكات و پاداشتت دەداتەوە لەسەری ئەگەر بەدڵسۆزی بۆ خودای بكەیت و پێچەوانەی سوننەتەكانی پێغەمبەرەكەی نەبێت(ﷺ) و بەپێی توانات بەردەوام بە لەسەری هەروەك پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت:** (فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ).[بخاري / الاعتصام بالكتاب و السنة]

**واتە: ئەگەر فەرمانی شتێكم پێكردن چەندەتان توانی ئەنجامی بدەن.بە پشتیوانی خوا لێرەدا كۆمەڵێك كاری ئاسان و سادە باس دەكەین كە ئەگەر بەردەوام بین لەسەری ئەوا چەندین خێرمان دەست دەكەوێت كە ئەوانیش:**

**١. زانستی شەرعی: (هەفتانە)**

**أ. لەبەركردنی ٥ ئایەت بە تەفسیرەوە.**

**ب. لەبەركردنی فەرموودەیەك.**

**ت. خوێندنەوەی ٥ لاپەڕەی كتێبێكی شەرعی.**

**پ. گوێگرتن لە وتاری بەسود.**

**٢. سوننەتەكان:**

**أ. مانگی ٣ ڕۆژ بەڕۆژوبون.**

**ب. شەونوێژكردن.**

**ت. سەردانیكردنی گۆڕستان.**

**پ. كردنی سوننەتەكانی پێش و پاشی نوێژە فەرزەكان.**

**٣. بەجێهێنانی سیلەی ڕەحم:**

**أ. سەردانیكردنی هەفتانە بۆ ماڵی خزم و دۆستان و دراوسێكانت بەتایبەت ئەوانەی سەردانت ناكەن.**

**ب. بەشداریكردن لە خۆشی و ناخۆشییەكانی دۆستان و دراوسێكانت.**

**٤. پەروەردەكردنی منداڵ:**

**أ. دانیشتنی هەفتانە لەگەڵ منداڵەكانت بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری ئایەت و فەرموودەكانی پێغەمبەرمان (ﷺ)**

**ب.فێركردنی منداڵەكانت بە ئەو بەهاو ڕەوشتانەی كە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی لەسەر بووەن.**

**٥. بانگەوازیكردن:**

**أ. بەخشینی كتێب و نامیلكە و ... بەو كەسانەی كە پێویستیانە.**

**ب. گەیاندنی ئەو زانستەی كە پێتە بە كەسانی دەوروبەرت.**

**ت. بەردەوام بوون لەسەر فەرمان كردن بە چاكە و نەهی كردن لە خراپە بە گوێرەی شەرعی خوای گەورە.**

**٦. خێركردن:**

**أ. بەخشینی ئەگەرچی بڕێكی زۆر كەمیش بێت لە پارە بۆ هەژار و كەمدەرامەت.**

ب. کۆکردنەوەی پارە بە جیا لە دەغیلەیەکدا تا هەرکات کەسێك پێویستی بوو بیبەخشیت.

٧. کەمکردنەوەی خووی خراپ:

أ. وازهێنان لە غەیبەت کردن و قسە هێنان و بردن.

ب. گوێ نەگرتن لە گۆرانی و سروودی بە ناو ئاینی.

ت. سەیرنەکردنی فیلم و زنجیرە.

پ. بایەخنەدان بە خۆڕازاندنەوە بە جل و بەرگی نەشیاو و ناشەرعی بەتایبەت بۆ خوشکان.

داواکارم لەخوای پەروەردگار دڵی هەموومان پاك بکاتەوە و یارمەتی دەرمان بێت بۆ بەردەوامبوون لە کردنی کاری چاك.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه والتابعين لهم باحسان.

ڕێناس محمد: دەرچوی ئینگلیزی

=====================

## هەردووکیان مانگە شەون، بۆ شەوانی تاریکمان

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبي بَعْدَهُ :

گومان لە مەزنی و گەورەیی باوکان و دایکان ناکرێت؛ چونکە ئەوانن شەوو ڕۆژەکان دەخەنە سەریەك بۆ ئاسودەبوونی ڕۆڵەکانیان، بەڵام مەخابن هەندێ جار نەزانەکان بەوە نازانن، ئومێد دەکەم لەوانەبین کە دایکان و باوکانمان لێمان ڕازین، دوای ئەوە لە هەوڵیشدابین بۆ کارکردن لەپێناوی دڵشادبوونیان، دیارە ئەوەش لەڕاستیدا بە کردنی باشەو چاکەکاری دەبێت، با هەندێکیش پێیان وانەبێت! وە داواش دەکەم لە خوای میهرەبانی کار لەجێ کە دایك و باوکانمان بۆ بپارێزێت و هەرگیز نەخۆشی و ناخۆشی نەبینن و بەردەوام لە کامەرانی و شادیدا گوزەر بکەن. ئەوانەشیان وەفاتیان فەرمووە خوای مەزن و دلۆڤان بیانخاتە بەر لوتف و میهرەبانی خۆیەوە، وە جێگەو مەئوایان فیردەوسی ئەعلا بێت، وە سێبوری و ئارامی و ئۆخژنیش بە هەمووان ببەخشێت. خۆ مردنیش ڕێگای هەمووانە.

باوك ئەو کەسەیە کە ڕەنج و ماندووبوون بۆ منداڵەکانی دەکێشێت و هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بە هەژاری گەورە نەبن و چاویان لە دەستی کەس نەبێت. دایکیش هەموومان دەبێت ڕێزی لێ بگرین؛ چونکە هەر لە منداڵیەوە بەخێوی کردووین و لەگەڵ ژان و ژوارەکانمان ڕێی کردوەو بەرگەی گرتووە، وە مرۆی موسڵمان دەبێت بەوە بزانێت و باش جێ بەجێی بکات، ئەوەتا بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە؛ ئاخر سۆزی دایك زۆر شیرینە و زەحمەت و گرانە لەبیر بکرێت، بەڵکو زۆر مانا بەخشیشە لای مرۆڤی هەست جوان، ئەوان قوتابخانەن بۆ ڕۆڵەکان، بەس باش بار بهێندرێن ئەوکات گەلێکی بۆن خۆش و ڕەچەڵەك پاك و نەژاد بڵند دێتە کایەوە، بگرە باخچەیەکی فرە قەشەنگ و گەش و ئاڵاو واڵاو مامۆستایەکی هێندە ئێسك سووکن، ئاسۆکانیان پڕکردووە لە باس و خواسی خۆیان.

ئەو دوو زاتەی هۆنیارانیش دەستەوستانن لە وێناکردن و پێداهەڵگوتنێکی وا کاڵا پڕاو پڕی باڵا بێت بۆیان! خۆشەویستییان باڵای بەرزە بەقەد چیا بەرزەکان، ڕێزیان لای خوایە، کوا لای مرۆڤە بێ هەستەکانە؟! هەزاران شەو شەونخوونیان کردووە تا گەورەبین، سا ببینە سێبەر بۆیان . بە فەزڵ و پشتیوانی خوا .، کەچی دەڕۆین و جێیان دەهێڵین و ڕێگای غەریبی دەگرینەبەر، خۆزگە دەمانتوانی دووریمان وەك پەڕەیەك کۆبکەینەوە. ئاخر خەریکە لەتاو دووریان هەرچی مەینەتی دونیا هەیە هەمووی دەنۆشین! گرنگە کاتی بە یەکگەیشتنەوە قەد نەیشکێنین دڵ و هەستیان و ببین بە گۆچانی دەستیان و باڵی سۆزو شەفەقەت و میهرەبانیان بۆ ڕابخەین و

تەنانەت پێیان نەڵێین: ئۆفیش! نەکا وا هەست بکەن لە دووریان سەرابە ڕووباری ڕێزیان، ئای کە بیرتان دەکەین!! مەگەر ئێوە لە کوێن؟! دەی پڕم لە وردە قسەی نەگوتراوو ڕۆحێکی موشتاق بە ئاوێتەو دڵێکی تەواو شکاو!

ئەرێ ئێوە لە کوێن؟! منداڵێکم بۆ تاسەی باوەشتان، تا ئاشتم بکەنەوە بە ناسکترین ووشەی نەوتراو. تۆ بڵێیت: بە ئێوە بگەینەوە؟!

ئەوەتا دەبینین ئەوانن دەتوانن بە بایەخەوە ڕەچاوی چەندان منداڵ بکەن، بەڵام ئەفسوس دەبینیت جاری واهەیە بە دە منداڵیش چاودێری ئەوانیان پێ ناکرێتو بگرە هەیە حەواڵەی خانەی بە ساڵاچوو پەککەوتووانیشیان دەکات . پەنا بە خوا .!

هەر بەو بۆنەیەوە زانایانی پەروەردە باسی ڕۆڵی دایکیان کردووە کە پێش ڕۆڵی باوک دەکەوێت لە پەروەردەکردنی منداڵ، لەبەر زۆری پەیوەست بوونی منداڵ بە دایکیەوە، هەر لە ساتەوەختی دروست بوونی لە نێو هەناویدا، تا گەورەش دەبێت[1].

خۆ دواجار هەردووکیان مەشخەڵو مانگە شەون بۆ شەوانی تاریکو ئەنگووستەچاومان، کەوابێت دەبێت بەناو هێنانیان سەربڵندبینو هێندەی دڵو هێندەی گیانمان خۆشمان بوێن، ناویان لەسەر لوتکە سەرکەشو باڵاکانی ناخمان بنوسین، چۆن وانەبێت کە ئەوان تاجە گوڵی گەشی نێو ماڵن، باوەشی گەرمو نەرمن، ڕاستە ئامێزی دایك نەرمترەو گەرمترە بەتایبەتیش بۆ شیرە خۆرەو بچوك.




خۆزگە فرمێسك ڕەنگی هەبوایە تا خامەمان لێی پڕ بکردایەو بە ڕێنووسێکی جوان بمان نووسیبایە: خۆشەویستی ئێوەی ئادەمیزادی خاکیو بێ فیزو سەرچاوەی ژینو پەروینی پڕ تامەزرۆی هیواو ئەوین، هەردەم لە دڵماندایە.

جا بەگوشراوی بایەخی دایك ئەندازە ناکرێت بە نرخێكو باوکیش هەرگیز دووبارە نابێتەوە! ئای چەند بەنرخن! بگرە بەنرخترینن.

کەوابوو، پەروەردگارا: ﴿ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ﴾[2]، (سۆزو میهرەبانیت پێیاندا بێتەوەو ڕوحمیان پێ بکە، هەروەکو ئەوان منیان پەروەردە کرد بە بچوکی). وە خودایە: ﴿ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَصۡلِحۡ لِي فِي ذُرِّيَّتِيٓۖ إِنِّي تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَإِنِّي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٥ ﴾[3].

ئۆخژن: ئارامیو ئۆقرەیی.

ژوار: ئازار، بەئێش، بەسۆ.

هۆنیار: هۆنەر، شاعیر.

ئەفسوس: پەژارە، داخ، خەم، خەفەت، بە پەرۆش.

ئەنگوستە چاو: تاریکە شەو، نوقمی تاریکی.

پەروین: چەند ئەستێرەیەکی بچوك.

جیهاد قادر، ز.قاهیرە، میسر.

---

(١) موسوعة الدفاع عن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ: ٤/ ١٧٨.

(٢) الإسراء: ٢٤.

(٣) الأحقاف: ١٥.

## هەندێك لەو ئادابانەی كە پێویستە لێی دووربكەوینەوە:

بەڕێزان ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرەڕای ئەوەی فەرمانی پێكردوین بەوەی هەندێ شت ئەنجام بدەین ، بەڵام لەبەرامبەریشدا داوای لێكردوین واز لەكۆمەڵێك كاری نابەجێ و ناپەسەند بهێنین ، لەم بابەتەدا بەپشتیوانی پەروەردگار چەند كردەوەیەك دەخەینە بەر باس تاوەكو سەرەتا خۆم و دواتر ئێوەی بەڕێز لێیان دوور بكەوینەوە ، ئەوانیش :

**یەكەم : تەماشا نەكردنی ماڵی خەڵكی :**

عن سهل بن سعد رضي الله عنه قال : « اطلع رجل من جُحرٍ في حُجَر النبي صلى الله عليه وسلم ومع النبي صلى الله عليه وسلم مدري (أي مشط) يحك به رأسه فقال : لو أعلم أنك تنظر لطعنت به في عينك، إنما جُعل الاستئذان من أجل البصر» متفق عليه.

**واتە " سەهلی كوڕی سەعد (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پیاوێك چووە بەردەرگای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەكونی دەرگاكەوە تەماشای پێغەمبەری خوای دەكرد (ﷺ) لەو كاتەدا كە پێغەمبەر (ﷺ) شتێكی وەكو (شانە) پێ بوو سەری پێ دەخوراند ، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ئەگەر بمزانیبا تۆ لەو كونەوە تەماشام دەكەی ئەوا ئەم شتەم دەكرد بەچاوتا ، بۆیە مۆڵەت خواستن دانراوە لەبری ئەوەی چاو بپارێزرێ ". (بوخاری و موسلیم)ڕیوایەتیان كردووە .**

**دووەم : كاتێك لەدەرگای كەسێكتدا پێویستە ناوی خۆت بڵێی :**

عن جابر – رضي الله عنه – قال: أتيت النبي – صلى الله عليه وسلم – في دَيْن كان على أبي، فدققت الباب فقال: ((من ذا؟)) فقلت: أنا، فقال: ((أنا أنا)) كأنه كرهها. (البخاري).

**واتە " جابری كوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : چومە خزمەتی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بەمەبەستی قەرزێك كە لەسەر باوكم بوو ، دام لەدەرگاو پێغەمبەری خوداش (ﷺ) فەرمووی : كێ یە ؟ منیش گوتم : منم ، بۆیە ئەویش فەرمووی : منم ، منم ( واتە : پێی ناخۆش بوو كە ناوی خۆمم نەهێناو تەنها وتم منم)."(ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی كردووە).**

**سێهەم : ئەگەر سێ كەس بوون با دوانتان پێكەوە چپە نەكەن :**

عن عبدالله بن عمر – رضي الله عنهما – قال: قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم –: ((إذا كانوا ثلاثة فلا يتناجى اثنان دون الثالث))، وفي رواية: ((فإن ذلك يحزنه))؛ متفق عليه.

**واتە " لە عبدالله ی كوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (ئەگەر سێ كەس بوون با دوانتان پێكەوە چپە نەكەن و كەسی سێهەم ئاگاداری قسەكانتان نەبێت)لەڕیوایەتێكی تردا هاتووە (لەبەر ئەوەی ئەو كارە خەفەتباری دەكات) ".(بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان كردووە .**

**چوارەم : كوژاندنەوەی ئاگر لەشەودا لەكاتی نوستن :**

عن أبي موسى – رضي الله عنه – قال: قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم : إن هذه النار إنما هي عدو لكم، فإذا نمتم فأطفئوها عنكم))؛ متفق عليه.

**واتە " ئەبی موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی : بەڕاستی ئەم ئاگرە دوژمنی ئێوەیە ، بۆیە كاتێك ویستتان بخەون ئەوا بیكوژێننەوە ".(ئیمامی بوخاری و موسلیم) ڕیوایەتیان كردووە .**

**هیوا محمد / دەرچووی كوردی - كەلار**

# گاڵتە کردن بە بەشێك لەدین

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف المرسلين، نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد..

برا و خوشکەکانم بەڕاستی ئاینی ئیسلام نیعمەتێکی زۆر گەورەیە کە خوای گەورە پێی بەخشیوین وە پێویستە پارێزگاری لیٚ بکەین و بە ئیسلامەتی بمێنین تاوەکو ئەمرین ، چونکە ئەو ئیسلامەتییەی کە بە لا اله إلا الله محمد رسول الله دێتە ناویەوە چەند وتە و کردار و بیروباوەڕێك هەیە کە ئیسلامەتی مرۆڤ هەڵ ئەوەشێنێتەوە ، یەکێك لەو هەڵوەشێنەرەوانەیش کە لەئەمڕۆدا زۆر جار ئەیبینین و ئەیبیسین لە ناو کۆمەڵگای خۆماندا، ئەویش گاڵتە کردنە بە بەشێك لەدین، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دابەزی بۆ ئەو کەسانە لەڕێگادا بون لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بۆ غەزا ئەڕۆیشتن بۆکات بەسەر بردن چەند قسیەکیان کرد لەناو خۆیاندا کە گاڵتە کردن بوو ،خوای گەورەیش ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ (٦٥) لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ (٦٧)﴾ التوبة، واتە : (ئەگەر پرسیاریان لێبکەی لەسەر وتەکانیان دەڵێن تەنها گاڵتەمان ئەکرد ، تۆیش پێیان بڵیٚ ئایە بە خواو ئایەت و فەرمانەکانی و پێغەمبەرەکەی گاڵتە ئەکەن، عوزر مەهێننەوە ئێوە کافر بون لەدوای ئیمان هێنانتان)

لەوانەیە بڵێن کیٚ هەیە لە موسوڵمانان لەم ڕۆژەدا گاڵتە بەخواو پێغەمبەرﷺ بکات منیش دەڵیم بەڵیٚ هەیە چونکە گاڵتە کردن بەشتێك کە خودا و پێغەمبەر ﷺ فەرمانیان پیٚ کردبێت گاڵتە کردنە بەخواوبە پێغەمبەر ﷺو بەئیسلامیش، بۆ نمونە خوای گەورە ئەفەرمویٚ :﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنّ(٥٩)﴾ الأحزاب، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺبەخێزان و کچەکانت وە ئافرەتی بڕواداران بڵیٚ باباڵا پۆشە کانیان (عاباکانیان) بدەن بەخۆیاندا .بەڵام سەیر ئەکەین ئافرەتێك کە عابا بەخۆیدا ئەدات گاڵتەی پێدەکرێت ئەمەش گاڵتە کردنە بە فەرمانی خودا.وە پێغەمبەر ﷺئەفەرمیٚ: (قصوا الشوارب و اعفوا اللحى ) صحيح الجامع، واتە :سمێڵ کورت بکەنەوە و ڕیش بهێڵنەوە، ئەمەش واجبە وەهەر چوار مەز هەبە کەیش بەواجبی دەزانن ، بەلاٚ سەیر ئەکەین ئەو کەسانەی کە ڕیشیان داناوە لە لایەن خەڵکییەوە چەندین جار و بە چەندین شێوە گاڵتە بە خۆیانو بە ڕیشەکەیشیان دەکرێت ، ئەمەیش هەرگاڵتە کردنە بە فەرمانی خوا و پێغەمبەر ﷺ.

وە پێغەمبەر ﷺئەفەرمیٚ: (ما أسفل الكعبين من الإزار ففي النار ) صحيح الجامع، واتە: هەر کەس جلە کەی لە خوار گویزنگە کانیوە بێت لەئاگرە.

دە بینین ئەمڕۆ ئەو کەسانەی کە شەر واڵە کانیان کورتە خەڵکی گاڵتە یان پێدەکات ئەمیش گاڵتە کردنە بەدین .وە زۆر شتی تر هەیە کە خەڵکی گاڵتەی پێدەکەن ئەگەر بزانن ئەوە گاڵتە کردنە بەدین وە بەو گاڵتە کردنە لە دین دەر ئەچن ئەوە ئەو کە سانەی کە گاڵتە ئەکەن بەشتێك لەم دینە لەئیسلام دەر ئەچن خوا پەنامان بدات.

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبيينا وعلى آله وصحبه أجمعين

ئومێد حەمزە /دەرچوی بەشی ڕووپێوی – پە یمانگای تەکنیکی کەلار

# فەرمانی چیتان پێ دەکات؟!

**الحَمْدُ للهِ وَحْدَهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنْ لَا نَبيَّ بَعْدَهُ.**

**لە پاشاندا:. خوێنەرانی سەنگین هیچ گومانی تێدا نیە کە ئیسلام تاکە قوتابخانەیە کە قوتابیو خوێندکارەکانی لەسەر جوانترینو بالآترین ڕەوشت پەروەردە دەکات، وە وایان ڕادێنێت چاکەکار بن لەگەڵ دایكو باوكو خزمو دۆستو هاوسێ، بە ئاستێك هانیان دەدات کە ڕێز لە گەورە بگرنو بەزەییو سۆزیشیان بێتەوە بە بچوکدا، بە شێوەیەك سودبەخش بن بۆ خزمەتی گەلو نیشتمان، کە هەرچی بۆ خۆیانو دەورو بەریان سودی هەبێت ئەنجامی بدەنو هەرشتێکیش مایەی زەرەرمەندی خۆیانو کۆمەڵگاکەشیان بێت ئەوا وازی لێبهێننو لێی دوور بکەونەوە، جا بۆ ئەو باسە کورتە باس لە چەند شتێك دەکەین کە خوای گەورە ـ** سُبْحَانَهُ **ـ وە پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، فەرمانیان پێکردوین. بە نمونە خوای پەروەردگار لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرمووێت:** ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٩٠ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَيۡكُمۡ كَفِيلًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ٩١﴾[٤]، **(بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەریو چاکەکاریو یارمەتیدانو بەخشندەیی بە خزمان، وە قەدەغە لە هەموو کارێکی دزێوو گوناهو تاوانو لە سنور دەرچوونو دەستدرێژی کردن ـ بۆ سەر ماڵو نەفسو نامووس ـ دەکات. ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی بیربکەنەوەو تێبفکرن، وە بە وەفاو ئەمەك بن بۆ ئەنجامدانی پەیمانی خوا کاتێك بڕیار دەدەن، وە سوێندو پەیمانو بەڵێنتان هەڵمەوەشێننەوە دوای ئەوەی دووپات کرابۆوەو جەختی لەسەر کرابوو، لە کاتێکدا ئێوە خواتان کردۆتە زامنو کەفیل بەسەر خۆتانەوە، بێگومان خوا زانیارەو دەزانێت ئەوەی دەیکەین). ئاخر ئەم قوتابخانەیە فێرمان دەکات بۆ هەرچی خێرو چاکەو دادپەروەریو یارمەتیدانو بەخشندەیی هەیە، هەروەکو قەدەغەشمان دەکات لەو لایەنانەی کە خێری بۆ مرۆڤ تێدانیە، لە وێنەی: گوناهو تاوانو دەستدرێژی کردن ـ بۆ سەر ماڵو نەفسو نامووس ـ. لە ئایەتێکی تردا خوای کار لەجێ دەفەرمووێت:** ﴿وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ إِحۡسَٰنًاۖ﴾[٥]، **(ئێمە فەرمانمان بە مرۆڤ داوە کە چاکەکارو چاك ڕەفتار بێت لەگەڵ باوكو دایکیدا). دەبینین ئیسلام فێرمان دەکات کە لەگەڵ هەموو کەسێك ڕاستگۆ بین، بۆ وێنە ئەبو سوفیان[٦]، صەخری کوڕی حەرب ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ لە وەڵامی پرسیاری هیرەقل کاتێك لێی پرسیو وتی: ئەو پیاوە ـ مەبەستی پێغەمبەر بوو (ﷺ) ـ فەرمانی چیتان پێ دەکات؟! ئەبو سوفیانیش فەرمووی: دەفەرمووێت:** (اعْبُدُوا اللَّهَ وَحْدَهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَاتْرُكُوا مَا يَقُولُ آبَاؤُكُمْ وَيَأْمُرُنَا بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ وَالصِّدْقِ وَالْعَفَافِ وَالصِّلَةِ)[٧]، **(خوا بە تەنها بپەرستنو هیچ هاوەڵو شەریکێکی بۆ بڕیار مەدەن، وە واز بێنن لەوەی باوو باپیرانتان دەیڵێت، وە فەرمانمان پێ دەکات بە نوێژ کردنو زەکات بەخشینو**

(٤) النحل:٩٠ . ٩١.

(٥) الأحقاف: ١٥.

(٦) کە ئەوکات موسڵمانیش نەبوو بوو، بەڵام ئەوەی وتی واقیعو ڕاستیەکە بوو.

(٧) صحيح البخاري: ٩/١.

ڕاستگۆیی‌و داوێن پاکی‌و بەجێ گەیاندنی سیلەی ڕوحم‌و سەردانی کردنی خزم‌و کەس‌و کار). وە هەروەها سەبارەت بە ڕێزگرتن لە گەورە‌و بەزەیی هاتنەوە بە بچوکدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: ((لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَعْرِفْ حَقَّ كَبِيرِنَا، وَيَرْحَمْ صَغِيرَنَا))[٨]، (لە ئێمە نیە هەر کەسێك کە ڕێزو مافی گەورەمان نەزانێت، وە لوتف‌و بەزەیشی بە بچوکماندا نەیەتەوە). لەم ئایەت‌و فەرموودانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام چەند گرنگی بە ڕوانگەی پەروەردەی تاکەکانی داوە، وە هەر کەسێکیش ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە تەواوەتی وەربگرێت ئەوا کەسێك دەبێت سودو قازانجی بۆ خێزان‌و کۆمەڵگەش دەبێت، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەنها لە بیروبۆچوونی چەند کەسانێکی گومڕاو گومڕاکەر وەردەگرێت! کە نەك سودی بۆ خۆی نیە، بگرە بۆ کۆمەڵگەش کەڵکی نیەو هەر بارەو مایەی تێکدان‌و ئاڵۆزیشە. داواکارم لە خوای پەروەردگار بەو شێوەیە بین کە خۆی لێمان ڕازیەو بە ئیمانەوە بمانمرێنێت‌و بەختەوەری دونیاو دواڕۆژیشمان بکات.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

سۆران عثمان /دەرچووی ئامار، ز.صلاح الدين




(٨) رواه أحمد، وصححه الألباني.

**ئایا لەڕووی تەندروستی یەوە زیانەکانی خوی نهێنی چی یە ؟**

**وەڵام : یەکەم: زیانەکانی خوی نهێنی لە کچاندا:**

١-هەوکردن لەئەندامەکانی زاوزێ و ئەندامی منداڵبوون.

٢- هەوکردن لە بۆرییەکانی میزڵدان و تێکچوونی گورچیلە.

٣- تووشبوون بە کەڕو و ڤایرۆس و میکرۆبە جۆراوجۆرەکانی کۆئەندامی زاوزێ و هەوکردنیان و تووشبوون بەنەزۆکی (عقم) دوای هاوسەرێتی.

٤- پەردەی (کچێنی) لە کچان تێك دەچێت ئەگەر ئیشەکە بە هەڵە ئەنجام بدات.

٥- هەست کردن بە لاوازییەکی سێکسی لە دوای هاوسەرێتی.

٦- نائارامیەکی دەروونی و هەست کردن بەترس لە هاوسەرێتی.

**دووەم :زیانەکانی خوی نهێنی لە کوڕاندا:**

١- زوو هاتنەدەرەوەی تۆماو (السائل المنوی)واتە (سرعة القذف).

٢- لاوازی سێکسی لە دوای ژنهێنان.

٣- هەو کردنی برۆستات و ئەندامی دروستکەری تۆماو.

٤- دروست بوونی دومەڵێکی ئاوی لەبەشی ئەندامی زاوزێ.

٥- نەزۆکی (العقم Sterility).

٦- هەست بوون بەترس و کەم تەرخەمی و ماتبوون و دوورکەوتنە وە لە ژنهێنان.

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەمانەیە:

١- نوێژ کردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت چونکە نوێژ مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە کردەوەی خراپ.

٢- ڕۆژووگرتن لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ و خوێندنی قورئانی پیرۆز و تێگەیشتن لە فەرمانەکانی خوای گەورە.

٣- باشترین چارەسەر بۆ ئەم مەبەستە هاوسەرێتیە.

٤- پاراستنی چاو لە بینینی فیلمی خراپ و دوورکەوتنەوە لەتاوان.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

# ئایا جن چوونە لەشی مرۆڤ و کارتێکردن و زیان پێگەیاندنی ، مەسەلەیەکی خیلافیە لە نێو زانایان وپێشەوایانی ئەهلی سوننە ؟!

سالأنێکە دەبینین و دەبیستین کەوا خەڵکانێکی لاڕێ و دوور لە سوننەت لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی (بە کوردستانیشەوە) هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ زیندووکردنەوە و پەرەپێدانی ڕێباز و بیرو بۆچوونەکانی (معتزلة) لە ژێر چەندین ناوی بریقەداری وەکو ( نوێگەریی و میانڕەویی و ڕۆشنگەری و بیری سەردەم و دووبارە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکانی قورئان و سوننەت و جۆرەها دەستەواژەی تر ) کە دیوی دەرەوەی بانگەشەکان سەرنجڕاکێش و هەڵخەڵەتێنەرن بەڵام مەبەستەکان زۆر گلاو وبۆگەن و ڕووخێنەرن چونکە سەرتاپای ئەم هەولأنە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی بیری گومڕای ( معتزلة ) و بەرهەم وکلتوری پێشەواکانێتی ، هەر بۆیە ڕۆژانە لە کەناڵ و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان چەندین بەناو بانگخواز و بیرمەندی ئیسلامی دەبینین و دەبیستین کە باسگەلێك دەدرێن بە گوێی موسوڵماناندا و باسی لێوە دەکرێت وەك بەشێك لە بیروباوەڕ و بۆچوونی موسوڵمانان (بە تایبەتی أهلی سوننە) کە چی لە ڕاستیدا ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونانە لە سەردەمانێك بە تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوەی خەڵی سوننی بوون لە ئەهلی بیدەع ( المعتزلة) ، یەکێك لەو باسانەی کە لەم سالأنەی دواییدا لەلایەن ئەو بەناو بیرمەندە ئیسلامیانەوە دەوروژێنرێت و معتزیلە ئاسا نکوڵی لێ دەکەن و دەقەکانی قورئان و فەرموودەش کە لەوبارەیەوە هاتوون بەلاوە دەنێن ، بریتیە لە مەسەلەی ( جن چوونە لەشی مرۆڤ و کارتێکردن و زیان پێگەیاندنی ) . ئەگەر چی ئەم مەسەلەیە خەڵکانێکی زۆر لە باوەڕلاواز و ماددی و سیکولاریست و عەلمانیەوە نکوڵی لێدەکرێت بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە و خەمەکەی گەورەتر کردووەتەوە ئەوەیە کە خەڵکانێك بە ناو ئیسلامەوە ئەو کارە بکەن ولەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کە خەڵکی موسوڵمان وا تێبگەیەنن کە ئەمە بەشێکە لە بیروباوەڕی موسوڵمانان و بۆچوونی ئەهلی سوننە یان وای بدەن بە گوێی خەڵکدا کە مەسەلەکە خیلافییە و جێگەی مشتومڕی زانایانی أهلی سوننەیە! بەڵام ئایا وایە؟ ئایا هیچ زانایەکی باوەڕپێکراوی ئەهلی سوننە هەیە کە وای وتبێت و ئەو مەسەلەی ئینکار کردبێت ؟

لە بیرمە جارێکیان لە گەڵ برایەکدا موناقەشەی ئەم باسەمان ئەکرد و منیش دوای خستنەڕووی بەڵگەکان ووتم : ئەم کارە پیشەی موعتەزیلەکان بووە ئەوانەی ئیستاش هەڵگری ئەو بیروباوەڕەن . بەڵام ئەوەی سەیر بوو بەلامەوە وەلأمی ئەو برایە بوو کە ووتی : نەخێر برا ، وانیە ، ئەم مەسەلەیە خیلافیە ! (دیارە وایان تێگەیاندبوو ) ، ئەگەر چی ئەو کات بڕوام پێکرد و قەناعەتم کرد بەو وەلأمە ، بەڵام هەر جار جار بەدوای ئەو مەسەلەیە ئەگەڕام بەبێ ئەوەی کە شتێکی وام بەرچاو بکەوێ یان ببیستم کە ئەو مەسەلەیە خیلافییە ! تا دواجار خوای گەورە بۆی ڕەخساندم و خۆم پرسیارم لە شێخ عبدالرزاق کوڕی عبدالمحسن عباد البدر کرد لەو بارەیەوە کە : ئایا مەسەلەی جن چوونە لەشی مرۆڤ و زیان پێگەیاندنی خیلافییە ؟ وە ئایا زانای سوننی هەیە کە ئەو مەسەلەیەی ئینکار کردبێت ؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی : (( لا ، لا أعلم في أهل السنة من خالف في هذه المسألة)) : نەخێر لە نێو ئەهلی سوننەدا هیچ کەسێکم نەزانیوە کە لەو مەسەلەیەدا خیلافی هەبوبێت .

لەوەش زیاتر لەکتێبی (المنتخب من كتب شيخ الإسلام) دا ئەم ناونیشانەم بینی ( ليس في أئمَّة المسلمين من ينكر دخول الجنِّ في بدن المصروع وغيره ) واتە : لەنێو پێشەوایانی موسوڵمانان نیە کەسێك کە نکوڵی لە جن ڕۆیشتنە لەشی مرۆڤی شێت و جگە لەوانیش بکات ) کە لە ژێر ئەو ناونیشانەدا پێشەوا ابن تيميه (رحمه الله) یەکدەنگی و کۆڕای زانایانی ئوممەتی ئیسلام دەخاتە ڕوو ،وە دەڵێت : جن چوونە لەشی مرۆڤ یەکدەنگی پێشەوایانی ئەهلی سوننە وجەماعەی لەسەرە ! وە پاشان دەگێڕێتەوە لە عبدالله ی کوڕی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە کەوا بە باوکی وتووە : باوکە خەڵکانێك هەن کە دەڵێن : جن ناتوانێت بچێتە لەشی مرۆڤەوە ، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت : ڕۆڵە ئەوانە درۆ دەکەن ! مەگەر ئەوە نیە لە سەر زمانی مرۆڤەکان قسە دەکەن ، لە کۆتایشدا دەڵێت : لە نێو پێشەوایانی موسوڵماناندا نیە یەکێك کە نکوڵی لە جن ڕۆیشتنە لەشی مرۆڤەوە بکات ، وە هەرکەسێك کە نکوڵی لەوە بکات یان ئەو مەسەلە بە درۆ بخاتەوە ئەوە خۆی درۆی کردووە بە ناوی شەرعەوە بەڵکو هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نیە کە نەفی ئەو کارە بکات.

لێرەشدا دەپرسین : ئەگەر ئەمە بیروباوەڕ و بۆچوونی پێشەوایانی سوننەی وەکو احمدی کوڕی حەنبەل و ابن تيميه بێت و ئەم زانایانە و تەواوی زانایانی ئەهلی سوننە لە کۆن وتازەدا یەکدەنگی و کۆڕا بسەلمێنن سەبارەت بەو مەسەلەیە، ئاخۆ ئەوانەی تر کە ناوبەناو ئەم باسە دەوروژێنن و لێرە و لەوێ تانە دەدەن لە هەڵگرانی ئەو بیروباوەڕە و بە شوێنکەوتەی خورافە و گێل و گەمژە ناویان دەبەن ، ئاخۆ ئەوانە خۆیان شوێنکەوتەی کێن ؟ وە هەڵگری چ بیروباوەڕ و شوێنکەوتەی چ بۆچوونێکن ؟ وە لە پێناوی چیدا نکوڵی لە مەسەلەیکی کۆڕا لەسەرکراو دەکەن ؟ بێگومان لە شوێنکەوتنی هەواو ئارەزو و خۆدەرخستن و دژایەتیکردنی ئەهلی سوننە زیاتر هیچی تر نیە .

فلاح حسن / ز. ئینگلیزی

====================

**( ابــن القــيم ) ( ڕەحمــەتی خــوای لــێ بێــت )**
**فەرموویــەتی : ( ئــارام گــرتن لەســەر ئــارەزوو ( شــەهوەت ) زۆر ئاســانترە لەدەرئە نجامــەکانی، چونکە ئارەزووبازی دەرئە نجام تووشی ناڕەحـەتی و سزات دەکات، یان لەچێژ و خۆشیەکی گـەورەتر پەراوێزت دەخات، یان کاتێکی بـەنرخت بـەفیڕۆ دەبـات، یـان بەرهـەمێکی گـەورە تـرت لەدەسـت دەدات، یان سامانێکی بە بەهات بە فیڕۆ دەبـات، یـان پلـە و پایەیـەکی بـەرزت تووشـی تـرازان دەکات، یان نیعمەتێکی خواییت لەکیس دەبات کە ئەونیعمەتە چێژی زۆر گەورەترە لـەو شـەهوەتە، یان کەسێکی نا پاکی بێ نرخت بەنسیب دەکات کـە پێــشتر کەســی وەهــات تــووش نــەبووە، یــان ناڕەحەتی و دڵتەنگی و دڵەڕاوکێ و ترسـت تـووش دەکات، یان زانستێکی بە نرخت لەیاد دەباتـەوە، یان دەتکاتە کۆیلـەی سـتەمکار و دوژمنێـك، یـان ڕێگــای داهــاتووت لەســـەر دادەخــات، یــان عەیبەیـەکی وەهـات تـووش دەکـات کـەلێت جیـا نابێتەوە چونکە لـە ئـە نجامی کـردەوەدا بەرهـەمی سیفەت و ڕەوشت دروست دەبێت ). الفوائد ص١٣١**

## کام لاویت..؟

**الحمد لله ، و الصلاة و السلام على رسول الله :**

تەمەن وەکو چیرۆکێکە ، هەمیشە تامەزرۆین و ئەویش زوو بەسەر دەچێت ، لە هەموو لایەکەوە دەبینین ئەم چیرۆکە کەسانی زۆر بەکۆتایی بەسەر هاتەکەیان دەگەیەنێت ..لاوێك ، گەنجێك هەمیشە بەدەم داواکاریە دەروونیەکانیەوەیە ، هەمیشە دەیەوێت دڵە گەنجانەکەی بێ سنوور بڕوات و بگەڕێ بە نێو ئارەزووەکاندا ، بڕوات و بڕوات ، تا نا کۆتا ...نایەوێ شتێك ، کەسێك ، ببێتە بەربەستی ویستەکان، تەنها دەیەوێ بچێژێت لەوەی کە بەلایەوە خۆشە ، زویر دەبێت کاتێ وا بزانێ لێی تێکدەدرێت ، نارەحەتە بەوەی کە پێی بوترێت بۆ ئەمە نەسازاوی ، نەخوڵقاوی ، تۆ بێ پایە نیت ..تاقەتی ئەم شتانەی نیە ، نایەوێ ڕۆبچێت لەوەی پێی وایە سەر ئێشەی بۆ دێنێت و پایانی کارە خۆشەکانیەتی ..بەدوای هەموو بۆشاییە پڕ بۆشاییەکاندا وێڵ و سەرگەردانە ، ناگاتە شتێك ، دەیانی تر بانگی دەکەن ، سەما و سەیران و تەعاروف و کەپڵ و تەبڵ و سەدان شتی تر ، کە هەرکەس بیەوێت بە بێ ماندووبون دەستی دەکەوێت و نەیشیەوێت تەنانەت دێتە سەر ڕێی ..پەستیش دەبیت ئەگەر ڕاستیەکان ، ئاکامی کارەکان ، دەرەنجامی تاوان و سەرپێچی و بێ بەرنامەیی بۆ باس بکەیت ، مەگەر خودا لەم توێرە نارەحەتە دەربێنێت .خولاصە لە کەیف و هەوای خۆیدا دەژی !.. لەملاشەوە ، ئەمیش گەنجێکە ، لاوێکە ، ئەمەکدارە ، ئامانجی گەورە، و هیوای زۆر و کاری گرنگ تەواوی دڵی داگیر کردووە ، نایەوێ گەنجی بە بادا بدات، پێی دەڵێن بۆ کەیف ناکەی بە جوانیەکەتەوە؟ بە گەنجیەکەتەوە ؟ بڕۆ بژی .. چیت داوە لەم خۆ دورگرتن و وشکبوون و قەتیس بوونە..؟ !ئەمیش دەڵێت: ئەمە تامە ، بۆنە ، بەرامە.. ئەمەی من دەیچێژم خۆشترینە ، بەردەوامترینە ، بە ئاکامترینە ، من دەمەوێ هەبم ، پێگەم هەبێت ، بەرنامەی کار ، گوزەرانی تەمەنم ڕوون بێت ، من لاوی ئەمڕۆم ، سبەی شتێکی ترم بە ناوی باوك یان دایك ، نامەوێ بێ کار و بێ بار بسوڕێمەوە تا ئەو ئەزموون و ئەم ئەزموون پڕ لە ئازار فێرم بکەن ، دەمەوێ فێربم چۆن ئەزموونەکانی لاوی بگوزەرێنم، چۆن سەرکەوتوانە مێژووی تاکیم بڕازێنم ..لە ئاینم ، دەوروبەرم ، باش دەڕوانم و تێدەگەم ، دەمەوێ ئەوەی ئێستە لێمی بپرسن وەڵامەکەم ( نازانمە ) ، بیگۆڕم بۆ ( دەزانم ) ، ئەمەوێ خۆم و تۆ و نەتەوەکەم بە ئاقاری باشتر و گۆڕانکاری جوانتر ببەم ..خولاصە ، دەمەوێت ئەوها بژیم ، کە ڕۆژێك مردن یەخەی پێگرتم ، لە دەستی خەڵك بچم ، کۆستی خەڵکم بۆ بکەوێت ، نەك لە ملی خەڵك و خاك و وەتەن ببمەوە .بەڕێزان لە ڕاستیدا ، لەو واقیعی کە هەمووان دەژین ئەم دوو جۆرە کەسایەتیە دەبینین ، جا وابزانم جیگەی خۆمان پێ دیاری بکرێت ، لە دوای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی سیفات و کاری ڕۆژانەی هەرکامێکیانمان زانی .. خودا سەرفرازمان بکات .

بلال جلال / دراساتی ئیسلامی

**پێشەوا شافعی** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) **فەرموویەتی: ( هەرکەسێك شوێنی ئارەزووەکانی بکەوێت ئەوا دەبێتە کۆیلە و بەندەی وەچەکانی – خۆشیەکانی – دونیا** ) سير أعلام النبلاء ١٠/٩٧

## بومەلەرزە....پەندوئامۆژگاری یە بۆ باوەڕداران تۆڵەو سزایە بۆبێ باوەڕان

هەندێك جار پەروەردگار بەڵگە و نیشانە ڕەوانەی بەندەکانی دەکات بەمەستی گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوە ترساندن لێ ی هەروەکو فەرموویەتی :﴿وَمَا نُرْسِلُ بِالآيَاتِ إِلاَّ تَخْوِيفاً﴾(الإسراء:٥٩ ) واتە : وە ئێمە موعجیزە نانێرین مەگەر بۆ ترساندن

پەروەردگار دەسەلاتی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا

پەروەردگار فەرموویەتی :﴿قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَى أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَاباً مِنْ فَوْقِكُمْ أَوْ مِنْ تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ﴾ (الأنعام :٦٥)

واتە : هەر ئەو خوایە بەتواناو دەسەلاتدارە کەسزایەکتان بۆ بنێرێت لەسەرووتانەوە یان لەژێر پێتانەوە .

پێشەوا مجاهد فەرموویەتی : (من فوقكم ) وەکو سزا بەبەرد باران ودەنگ و ڕەشەبا (من تحت أرجلكم ) وەکو سزا بەبومەلەرزە

### سزای خوا تەنها بومەلەرزە نیە

پەروەردگار فەرموویەتی :﴿فَكُلاًّ أَخَذْنَا بِذَنْبِهِ فَمِنْهُمْ مَنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِباً وَمِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ وَمِنْهُمْ مَنْ خَسَفْنَا بِهِ الأَرْضَ وَمِنْهُمْ مَنْ أَغْرَقْنَا وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾(العنكبوت :٤٠)

واتە :ئەوسا ئێمە هەریەك لەوانمان بەتاوانی خۆی سزادا (لەناومان بردن) جا هەندێکیان بایەکی بەهێزمان ناردە سەریان بەوردە بەردەوە وەهەندێکی تریان پیاهەڵشاخانێك و دەنگێکی گەورە لەناوی بردن وەهەندێکیشمان بەناخی زەوی دا بردە خوارەوەی ترمان لەوان لەدەریادا نوقم کرد وەهەندێك خوا ستەمی لێ نەکردن بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد .

### سزای خوا شوێن وکاتی دیاری کراوی نیە

پەروەردگار فەرموویەتی :﴿ أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتاً وَهُمْ نَائِمُونَ (٩٧) أَوَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ (٩٨) أَفَأَمِنُوا مَكْرَ اللَّهِ فَلا يَأْمَنُ مَكْرَ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ ﴾(الأعراف:٩٧-٩٩)واتە : ئایا خەڵکی ئەو شارانە ترسیان نەبوو لەوەی سزای ئێمەیان بۆ بێت لەشەودا کاتێك ئەوان خەوتوون وەئایا خەڵکی ئەو شارانە ترسیان نەبوو لەوەی کە سزای ئێمەیان بۆ بێت لە چێشتەنگاودا لەکاتێکدا یاری وگاڵتە دەکەن جا ئایا لەپیلانی خوا نەترسان وبێ باك بوون .

### زۆری ڕوودانی بومەلەرزە یەکێکە لەنیشانەکانی قیامەت

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :( لاتقوم الساعة حتى يقبض العلم ،وتكثر الزلازل ،ويتقارب الزمان ،وتظهرالفتن ......) رواه البخاري ، واتە :ڕۆژی دوایی نایەت تاوەکو زانست هەڵنەگیرێت وبومەلەرزەش زۆر نەبێت .......

### هۆکاری ڕوودانی بومەلەرزە

هۆکاری ڕوودانی بومەلەرزە یان هەر ڕووداوێکی تری هاوشێوەی ئەم کارەساتە هۆکارە سەرەکیەکەی تەنها (تاوان کردن )ە .

پەروەردگار فەرموویەتی:﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ ﴾(الشورى:٣٠)

واتە: وەهەر ناخۆشیەکتان تووش بووبێت ئەوە بەهۆی کردەوەی خراپی خۆتانەوەیە وە لە زۆرێکیش چاوپۆشی کردووە .

پەروەردگارفەرموویەتی:﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾(الروم:٤١)٠٠

واتە : خراپە (بەڵاوشێوان ودەرد )لەووشکانی (زەوی) ودەریادا دەرکەوتووە بەهۆی ئەو خراپانەی خەڵکی کردوویانە بۆئەوەی (تۆڵەی )هەندێ لەو (خراپانەی) کردوویانە پێیان بچەژێ .

وەهەروەها لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) بوومەلەرزە ڕوویدا لەشاری مەدینەدا،ئەویش ووتی : (ئەی خەڵکینە ئەوە چیتانە ؟ چەندە بەزوویی تاوانتان ئەنجام دا ، ئەگەر جارێکی تر ئەم بومەلەرزەیە ڕووبداتەوە ئەوا من لەم شارەدا نابینن) .

**بوومەلەرزە زەنگێکە بۆ گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار**

**پەروەردگارفەرمووییەتی :** ﴿أَوَلا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لا يَتُوبُونَ وَلا هُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾(التوبة:١٢٦)

**واتە: ئایا ئەوانە نازانن ونابینن بێگومان ئەوان تاقی دەکرێنەوە لەهەموو ساڵێکدا جارێ یان دووجار پاشان ئەوان ناگەڕێنەوە وتۆبە ناکەن وپەند وەرناگرن .**

**پەروەردگارفەرمووییەتی :** ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى أُمَمٍ مِنْ قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُمْ بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ (٤٢) فَلَوْلا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمْ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾(الأنعام :٤٢)

**واتە : سوێند بێت بێگومان ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بۆ گەلانی پێش تۆ ( ئەی پێغەمبەری خوا –صلی الله علیه وسلم ) وەتووشی نەبوونی وهەژاری و وەنەخۆشی و ترس و ناڕەحەتیمان کردن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و پەشیمانی دەربڕن (کزی بنوێنن) دەی بۆ نەپاڕانەوە کاتێك سزای ئێمەیان بۆ هات بەڵام دڵیان ڕەق بوو وەشەیتان ئەو کردەوە خراپانەی بۆ ڕازاندبوونەوە کەدەیانکرد .**

**باوەڕدار چی بکات لەکاتی ڕوودانی بەمەلەرزەدا ؟**

**پێویستە لەکاتی ڕوودانی بومەلەرزەو خۆر گیران ومانگ گیران وبای توند و لافاو ....هتد تەوبە بکەین وبگەڕێنەوە لای پەروەردگارمان و یاد و پاڕانەوەی زۆر ئەنجام بدەین هەروەکو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەربارەی خۆر و مانگ گیران فەرموویەتی** (....فإذا رأيتم شيئا من ذلك فافزعوا إلى ذكر الله ودعائه واستغفاره ..) رواه البخاري(١٠٥٩) ومسلم(٢١٥) **واتە : ئەگەر – خۆرگیران یان مانگ گیران – ڕوویدا ئەوا ڕاچەڵەکێن و پەنا بەرنە یادی خواو وپاڕانەوەو گەڕانەوە بۆ لای .**

**هەورەوها دەگێڕنەوە لەخەلیفە عومەری کوڕی عبدالعزیز (ڕەزای خوای لێ بێت ) کەکاتێك بومەلەرزە ڕوویدا فەرمانی ناردووە بۆ سەرکردەی وولاتانی موسڵمان کە ماڵ وسامان ببەخشن .**

**بوومەلەرزەو کارەساتی سروشتی**

**لێکدانەوەی ماددی بەتەنها بۆ ڕوودانی بومەلەرزە کارێکی نەشیاوە،وەهیچ کاتێك زانست لەگەڵ شەریعەت دژ یەك نیە ڕاستە بومەلەرزەش هۆکار هەیە بۆ ڕوودانی بەڵام باش ئەبێت ئەوە بزانین کە ئەو هۆکارانەش بەدەست پەروەردگارە وەکو فەرموویەتی** ﴿قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ﴾

**ئەی بوومەلەرزەی قیامەت ئەبێت چۆن بێت ؟**

**پەروەردگار فەرموویەتی** ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ (١) يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾ (**الحج ١-٢**)

**واتە : ئەی خەڵکینە بترسن لە(سزای ) پەروەردگارتان چونکە بەڕاستی بوومە لەرزەی قیامەت هەستان شتێکی زۆر گەورەیە ،کارەساتێکی سامناکە . لەو ڕۆژەدا ئێوە ئەو (بومەلەرز) دەبینن بێ ئاگا دەبێ (لەترسی ئەو ڕۆژە ) هەموو ئافرەتێکی شیردەر لەئەو (منداڵە)ی شیری پێ داوە بێ ئاگا دەبێت و فەرامۆشی دەکات ، و لەباری دەچێ هەموو دووگیانێك (مێینەیەکی سك پڕ) سکەکەی (کۆرپەکەی )،خەڵکی دەبینی(وەك) سەرخۆشن بەڵام سەرخۆشیش نین بەڵکو سزای سەخت وبەتینی خوا (وای لێ کردوون)**

**لەکۆتایی دا**

**کەواتە مەبەست لە بومەلەرزە گەڕانەوەیە بۆ لای پەروەردگار هەروەکو پێشەوا (ابن القیم ) فەرموویەتی : (هەندێك جار پەروەردگار ڕێگە دەدات بەزەوی کەبلەرزێت بۆ ئەوەی بومەلەرزەی بەهێز ڕووبدات ئامانجیش تەنها لەم جۆرە کارەساتانە ئاگادارکردنەوەی بەندەکانێتی بۆ ئەوەی دەست لەتاوان هەڵگرن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای تاك وتەنها**

**ئامادەکردنی : نێرگس محمد محمود / دەرچووی کۆلێژی بنەڕەتی –بەشی کۆمەڵایەتی**

## شارستانیەتی ئیسلامی لەنێوان پەڕەکانی مێژوو وهیواکانی داهاتووماندا

### دادگەری ژینگەیی (بەشی یەکەم)

زۆر جار کاتێك ووشەی (دادگەری ) دەخوێنینەوە یان دەیبیستین واهەست دەکەین کە قەتیس ماوە لەچەند جۆرێکی دیاریکراو وەکو (دادگەری سیاسی – دادگەری کۆمەلأیەتی –دادگەری ئابووری –دادگەری ئایینی ) بەلأم یەکێکی تر لەچەمکە هەرەگرنگەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بریتیە لە(دادگەری ژینگەیی ).

کەزۆرێك لەولأتان وڕێکخراوە جیهانیەکانی سەرقالٚ کردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵە بڕیارێك دابڕێژن کە بتوانێت پارێزگاری لەژینگە بکات و ژینگەی هەمووان پاك وخاوێن بێت بەبێ جیاوازی (نەتەوەیی –ئایینی – ڕۆشنبیری –ڕەگەزی ........) .

**دادگەری ژینگەی** : بریتی لەداڕشتنی هەندێك یاسا کەبتوانێت پارێزگاری بکات لەژینگەی هاولأتیان،بەتایبەتی لەناوچە هەژار نشین وپەراوێز خراوەکان .

**لایەنی بەرپرس لەژینگە بەر پرسیارە لەدوو تەوەر:**

١-**بەرەنگاربوونەوە لەگەلٚ پیس بوونی ژینگە** :واتە وەزارەتی ژینگە بتوانێت ڕێگربێت لەدانانی ئەو کارگانەی کەوا هۆکاری پیس بوونی ژینگەن لەناوچە هەژار نشینەکان چونکە بەڕاستی دانانی ئەم جۆرە کارگانە جۆرێکە لەسزادانی هاولأتیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ .

٢-**لێکدانەوەی دروست بۆ کاریگەریەکانی پیس بوونی ژینگە لەڕووی (چۆنیەتی) یەوە** cumulative Impact Assessment:

واتە پێویستە لایەنە بەرپرسەکانی ژینگە یاسایەك دابڕێژن کە بتوانێت لەکاتی ڕێگە پێدان بە کارگەکان بۆ کارکردن تەنها لەڕووی قەبارەی پاشەڕۆی کارگەکانەوە نەبێت بەڵکو ڕەچاوی ووردی لایەنەکانی تریش بکات چونکە تەنها قەبارەکە گرنگ نیە بەقەد ئەوەی بزانیت کەچەندە زیانی هەیە ، جاری واهەیە پاشەڕۆکە قەبارەیەکی کەمی هەیە بەلأم زیانێکی زۆر زۆری هەیە لەسەر ژینگەو تەندروستی هاولأتیان .

**گەشەکردنی بیرۆکەی دادگەری ژینگەیی :**

سەرەتای گەشەکردنی بیرۆکەی (دادگەری ژینگەی) بەناوە تازەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا . کاتێك کە ڕێکخراوە ژینگەیەکان تێبینیان کرد کە کارگە گەورەکان سەرچاوەی فڕێدانی پاشەڕۆن کە دەبنە هۆکاری نەخۆشی بۆ مرۆڤەکان کە ئەم کارگانەش لەو ناوچانە دادەمەزرێن هەژارنشین بوون وبەڕەگەز ئەفریقی بوون کەزۆرێکیان تووشی نەخۆشی تەنگە نەفەسی وڕەبوو بوون .

وەبەرپرسانی ژینگە ئاوڕیان نەدەدایەوە بۆ ئەم کاریگەریانە ،بۆیە ڕێکخراوە ژینگەیەکان توانیان زۆرێك لەخاوەنی ئەم کارگانە بدەنە دادگا کە بەداخەوە چەند کەسێکی کەمیان دادگایی کران .

تاوەکو ئەوەبوو ئەم ڕێکخراوانە توانیان کۆنفراسێکی گەورە لەساڵی (٢٠٠٣ز) لەناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لە شاری (بۆدابست) ببەستن وەتوانیان دوو تەوەری تری گرنگ بۆ بیرۆکەی (دادگەری ژینگەیی) زیاد بکەن .

أ- دابەشکردنێکی دادگەریانە بۆ سەرچاوە سروشتیەکان لەنێو هاولأتیاندا

ب-بەشداری پێکردنی هاولأتیان بەبێ جیاوازی لەبڕیارە ژینگەیەکاندا

**نەبوونی (دادگەری ژینگەیی ) لەمێژووی ئەمریکاو ئەوروپادا :**

نەبوونی دادگەری بەگشتی ودادگەری ژینگەیی بەتایبەتی لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ خودی شێوەی دروست بوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. چونکە بۆ بونیات نانی ئەم دەوڵەتە هەر لەسەرەتاوە دەستیان کرد بەهێنانی هاولأتیە ڕەش پێستەکانی

ئەفریقا بەشێوەی کۆیلە تاوەکو ئەوەبوو ئەم دەوڵەتە شێوەی چینایەتی وەرگرت لێرەوە جیاوازی ڕەگەزی دەستی پێکرد . ڕێگە نەدەدرا کەیاسایەك هەبێت بۆ ئەوەی کۆیلەکان بتوانن وەکو خەڵکی ئەمریکا لەو ناوچانە بژین کەهاوڵاتی ئەمریکی تێدا دەژی .

وەلەبەر کەمی داهاتی تاك ئەفریقاییەکان نەیاندەتوانی سوودێکی ئەوتۆ وەربگرن لەکەرتە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی وپەروەردەیی وژینگەیی و ....هتد .

دواجار یاسای جیاوازی ڕەگەزی بەتەواوی جێ بەجێ کرا بەناوی یاساکانی (Jim crown ) .

کە خودی ئەم یاسایە ڕێگربوو لەبەردەم ئەفریقیەکان کە بتوانن بگەنە سەرچاوە سروشتیەکان. کە لەناوچە دوورەکان جێنشین کرابوون دوور لەهاوڵاتیە سپی پێستەکان تاوەکو دەرئەنجام ئەم ناوچانە بەهۆی دووریانەوە لەخزمەتگوزاریەکان تووشی چەندەها نەخۆشی ودابڕان بوون ،دواجار هەموو کۆمەڵگەی ئەمریکی زیانی پێکەوت .

**دادگەریی ژینەکەیی لەمێژووی موسڵماناندا :**

پێش هاتنی ئیسلام کۆمەڵگەی عەرەبی هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی تر دامەزرابوو لەسەر جۆری چینایەتی لەنێوان ئازاد وکۆیلەدا .وەکۆیلەکان لەبارێکی زۆر خراپدا دەژیان ومامەڵەی خراپیان لەگەڵدا دەکرا . کۆیلەکان لەهەموو دۆخێکدا جیاواز دەژیان لەخاوەنەکانیان لە خواردنی جیاواز و خواردنەوەی جیاواز وشوێنی حەوانەوەی جیاواز، تەنانەت نەیاندەتوانی بحەوێنەوە تاوەکو خاوەنەکانیان ڕێگەی نەدایە .

بۆیە هەر لەسەرەتایی هاتنی ئیسلامەوە کۆمەڵگەی عەرەبی لەشاری مەککە کەوتنە ئابلۆقەدانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) وهاوەڵانی لەمەککەدا وەسەرچاوەکانی خواردن وخواردنەوەیان قەدەغەکرد لە موسڵمانان . کەبەڕاستی ئەمەش جۆرێك بوو لەنەبوونی (دادگەری ژینگەیی) .

بەڵام کاتێك کە شارستانیەتی ئیسلامی دەرکەوت بەپێچەوانەوە هەنگاو وهەوڵی زۆر گرنگی دا بۆ بەرپاکردنی دادگەری بەگشتی ودادگەری ژینگەی بەتایبەتی. ئەم شارستانیەتە جەختی کردەوە لەسەر دادگەری لەنێوان ئازاد وکۆیلەکاندا لەماف وبەرپرسیاریدا . کەزۆر بەئاسانی کویلەکان وەکو ئازادەکان دەتوانن بگەنە سەرچاوەسروشتیەکان بەبێ هیچ ئاستەنگێك لەژینگەی بیابان دا کە ئەمەش گرنگترین پارێزەر بوو بۆ بەرپابوونی دادگەری ژینگەیی ودوورکەواتنەوەی هاوڵاتیان لەپیس بوونی ژینگە ،هەرخودی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) زۆر جەختی کردووەتەوە لەسەر ڕێزگرتن لەکۆیلەو دیل وکرێکار وئافرەت ومنداڵ . بەم شێوەیە بیرۆکەی دادگەری ژینگەی ڕووی لەگەشەکردن دەکرد لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیەتی ئیسلامی چونکە لەم شارستانیەدا بایەخ درا بەکەرتەکانی تەندروستی وژینگەی گشتی وەکو دروست کردنی نەخۆشخانەو ئاو وئاوەڕو .....هتد .

ئەم خزمەتگوزاریانە لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامیدا باڵی کێشا بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانیش چونکە موسڵمانان بەشێوەی کۆیلەو ژێر دەستە مامەڵەیان نەدەکرد لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچانە بەڵکو هەوڵیان دەدا کە فێریان بکەن ،وەئەم ناوچانە هیچ بابەخێکی کەمتریان نەبوو لەبنکەی خەلافەت ، بەڵام لەمێژووی ئەروپادا داگیرکەران لەپاش هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم وجەنگی جیهانی دووەم هەرگیز کاریان لەسەر ئەم بیرۆکەیە نەکردووە چونکە لەبنچینەدا باوەڕیان بە چینایەتی کۆمەڵگە هەبووە . بۆنموونە لەو شوێنانەی موسڵمانان ئازادیان کرد چەندەها زاناو بیرمەند ونووسەرو ئەدیب وشاعیری تێدا هەڵکەوتووە کە مێژوو شاهێدی لەسەر دەدات بەڵام کاتێك فەرەنسا کۆنغوی داگیر کرد کاتێك جێ هێشت تەنها (٥) کەس بڕوانامەی باڵایان هەبوو!!!

پشتیوان محمد / دەرچوی عەرەبی

## زاڵبوون بەسەر وەسوەسە جنسیەکانی شەیتاندا

وەسوەسەی شەیتان ئەوەندە ڕوون نیە کە هەموو کەس لێی ئاگادار بێت وبیزانێت بە تایبەت بۆ ئەو کەسەی کە دوور بێت لە خوا و نوقم بێت لە ئارەزووەکانیدا چونکە شەیتانی نەفرەت لێکراو(خوا ڕیسوای بکات) بەئاشکرا ناڵێت (فلان کەس وەرە زینابکە یان مەی بخۆرەوە یان خووی نهێنی ئەنجام بدە) بەڵکو بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە لەگەڵ نەوەی ئادەمدا هەیەتی دێتە لای و پێی دەڵێت : ((بۆ چی سەیری ئەو فیلمانە ناکەیت کەباس و قسە لەسەر گەنجان دەکات تەنها بۆ زانیاری وبەس، بۆ ئەوەی کەسانەی تر پێت نەڵێن دواکەوتووە، بۆ ئەوەی شارەزاییەکی جنسی باشت دەست کەوێت بۆ ئەوەی لەکاتی هاوسەرگیریدا سوودی لێوەرگریت و هیچ کێشەیەك نابێت)) .



لەم پریشکە بچوکەوە ئاگرێکی گەورە پێك دێت کەناکوژێتەوە و واز لەم کەسە هەژارە ناهێنێت تاوەکو لەدەریای ئارەزووە حەرامەکاندا دەخنکێت، بەڵام ئاشکراکردنی داواکانی شەیتان ئاسان دەبێت ئەگەر کەسەکە پەنا بۆ خوای گەورە ببات و هەوڵبدات شەیتان ڕاوبنێت و هاوڕێیەتی فریشتە بکات.

خۆپاراستن لەو فێڵ وتەڵەکانەی شەیتان خوای پەروەردگار ﷻ ئاسانی کردووە وپێغەمبەرەکەی ﷺ ڕوونی کردووەتەوە ئەوەش بەکۆمەڵێك زیکر و ئەو پاڕانەوانەی کەموسڵمان لە شەو و ڕۆژدا دەیخوێنێت، لەوانەش :

*خوێندنی (آية الكرسي) بەیانیان و ئێواران .

*خوێندنی (قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ – قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ – قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ) سێ جار بەیانیان وئێواران.

*لەکاتی چوونە مزگەوت دا بڵێت : ( أعوذ بالله العظيم، وبوجهه الكريم، وسلطانه القديم، من الشيطان الرجيم).

*وتنی(بسم الله)لەکاتی خواردن وخواردنەوە وداکەندنی جل وبەرگدا ، کەڕێگری شەیتان دەکات لەوەی کە لەگەڵیدا بخوات و بخواتەوە و سەیری عەورەتی بکات.

*لەکاتی هاتنەوە بۆ ماڵ و هاتنە ژوورەوە دا بڵێت :(بسم الله ) ڕێگری لە چوونە ژورەوەی شەیتان دەکات بۆماڵ.

*لەکاتی لەماڵ دەرچووندا بڵێت : (بسم الله، توكلت على الله، لا حول ولا قوة إلا بالله).

*سورەتی(ملك) لە پێش خەوتن دا بخوێنێت ، لەگەڵ(آية الكرسى) و دووئایەتی کۆتای سورەتی( البقرة).

*(لا إله إلا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير) سەد جار بخوێنێت، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دەبێتە پارێزەرێك بۆی لە شەیتان.

*زۆر زیکرکردن و ووتنی : (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم).

*خوێندنی سورەتی (البقرة) لە ماڵدا کە دەبێتە هۆی ڕاونانی شەیتان.

*دەست نوێژگرتن و نوێژکردن لەکاتی وروژان وهێرشی خەیاڵ دا چونکە ئەو دووانە باشترین کوژێنەرەوەی شەهوەتن. بەڕاستی وازهێنانی زۆربەی خەڵك لەم زیکرانە وهاوشێوەکانیان وایکردووە شەیتان زاڵبێت بەسەریاندا و بەشداری هەڵسوکەوت وکردارەکانیان بکات ، ئاشکرایە کەشەیتانیش بانگەشە بۆ خراپە وخراپەکاری دەکات.

ئا / زانست

## ئایا غوسل یان لەش پیسی چۆن دەردەکرێ ؟

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**- سەرەتا هەردوو دەستی دەشوات .**

**- ئەنجا بە دەستی ڕاستی ئاو دەکات بە سەر دەستی چەپیدا و تارات دەگرێت و دەوروبەری عەورەتی پاك دەكاتەوە .**

**- ئەنجا دوو جار یان سێ جار دەستی چەپی دەهێنێت بە زەویدا یان (یان بە سابون دەیشوات) .**

**- ئەنجا دەستنوێژدەگرێت وەك چۆن دەستنوێژدەگرێت بۆ نوێژ ، بەڵام هەندێك جار شۆردنی هەردوو پێی دوا دەخات بۆ پاش ئاو كردن بە سەر هەموو لەشەدا .**

**- ئەنجا ئاو دەبات و دەیكات بە سەر سەریدا و پەنجەكانی دەخانە نێو قژیەوە تاوەكو بنی تووكەكان تەڕ دەبن .**

**- ئەنجا سێ گوێل (یان سێ جام) ئاو دەكات بە سەر سەریدا .**

**- ئەنجا ئاو دەكات بە سەر هەموو لاشەیدا ، لە پێشان ئاو دەكات بە سەر لای ڕاستیدا و پاشان بە لای چەپیدا .**

**- وە چاكتر وایە لە كاتی ئاو كردن بە سەر لاشەدا دەستی پێدا بهێنێت بۆ ئەوەی بە دڵنیایی تەڕ ببێت .**

**- ئەنجا هەردوو پێی دەشوات ئەگەر شوشتنیانی دوا خستبێت لە كاتی دەستنوێژەكەیدا .**

**(میمونە)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ئاوی دەركردنی لەش گرانیم دانا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەنجا بە دەستی ڕاستی ئاوی كرد بە سەر دەستی چەپیدا دوو جار یان سێ جار ئەنجا عەورەتی دەشوشت ، ئەنجا دەستی هێنا بە سەر زەویدا یان بە دیوارەكەدا دوو جار یان سێ جار ، ئەنجا ئاوی ڕادا بە دەم و لوتیدا ، ئەنجا ڕوومەتی و هەردوو باڵی شوشت ، ئەنجا ئاوی كرد بە سەر سەریدا ، ئەنجا هەموو لاشەی شوشت ، ئەنجا خۆی دا بەلادا و هەردوو پێی شوشت ، ئەنجا من پارچە پەڕۆیەكم بۆ هێنا . بۆ ئەوەی خۆی پێ وشك بكاتەوە . بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەی ویست و بە هەردوو دەستی ئاوەكەی لە لەشی كردەوە** . صحيح البخاري رقم :(٢٧٤) وصحيح مسلم رقم : (٧٢٠) .

**وە هەروەها عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر خۆی بشۆردایە (غوسلی بكردایە) بە هۆی لەشگرانیەوە سەرەتا هەردوو دەستی دەشوشت ، ئەنجا بە دەستی ڕاستی ئاوی دەكرد بە سەر دەستی چەپیدا و عەورەتی دەشوشت ، ئەنجا دەست نوێژی دەگرت وەك چۆن دەست نوێژ بگرێت بۆ نوێژ ، ئەنجا ئاوی دەبرد و پەنجەكانی دەخستە بن مووەكانی سەری تاوەكو وای دەبینی كە هەموو سەری تەڕ بووە ئەو كاتە سێ گوێل ئاوی دەكرد بە سەر سەریدا ، ئەنجا ئاوی دەكرد بە سەر هەموو لاشەیدا ، ئەنجا هەردوو پێی دەشوشت .**

صحيح البخاري رقم : (٢٤٨) و (٢٧٢) وصحيح مسلم رقم : (٧١٦) .

**وە ئەوەش بزانە بەكارهێنانی ووشەی (لەش پیسی) درووست نیە ! بەڵكو دەوترێت لەشگرانی ، چونكە ئیماندار پیس نابێت وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : ((لَقِيَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي طَرِيقٍ مِنْ طُرُقِ الْمَدِينَةِ وَأَنَا جُنُبٌ فَاخْتَنَسْتُ فَذَهَبْتُ فَاغْتَسَلْتُ ثُمَّ جِئْتُ : فَقَالَ : أَيْنَ كُنْتَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ ؟ قَالَ : قُلْتُ : إِنِّي كُنْتُ جُنُباً فَكَرِهْتُ أَنْ أُجَالِسَكَ عَلَى غَيْرِ طَهَارَةٍ ، فَقَالَ : سُبْحَانَ اللَّهِ إِنَّ الْمُسْلِمَ لاَ يَنْجُسُ))

صحيح أبي داود رقم : (٢٣١)

**واتە : ئەبو هورەیرە دەڵێت گەیشتم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەر ڕێگایەك لە ڕێگاكانی مەدینەدا و منیش لەشم گران بووم ، بۆیە خۆم لێدزیەوە و ڕۆیشتم خۆم شوشت ئەنجا هاتم بۆ لای ، فەرمووی : ئەوە لە كوێ بوویت ئەی ئەبو هورەیرە ؟ وتم : من لەش گران بوون بۆیە پێم ناخۆش بوو لەگەڵ تۆدا دابنیشم لە كاتێكدا كە پاك نیم ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (سبحان الله) واتە پاكی بۆ خوا بەڕاستی موسڵمان پیس نابێت .**

**كەواتە دەبێت بڵێیت : (لەشگرانی) نەك : (لەش پیسی) !**

**لە لایەن مامۆستا ( محمد عبدالرحمن )ە وە وەڵام دراوەتەوە**

## ئایا زینا لێخۆشبونی هەیە؟

**ئەگەر کەسێك شەیتان هەڵیخەڵەتاند و نەفسی بەدکاری خیانەتی لێکرد و ئەم کارە زۆر ناشیرینەی کرد ئەوا چی بکات بۆ ئەوەی خوای گەورە لێی خۆشببێت؟**

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ئەوە بزانە کەوا زیناکردن و داوێن پیسی یەکێکە لە تاوانە گەورەکان و کارێکی زۆر نابەجێ و ترسناکە، خوای گەورە لە قورئاندا فەموویەتی: ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَي إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً﴾[الإسراء:(٣٢) ] واتە: نزیکی زینا مەبنەوە چونکە زیناکردن کارێکی زۆر ناشیرینە و ڕێگایەکی خراپە.




بەڵام ئەگەر کەسێك شەیتان هەڵیخەڵەتاند و نەفسی بەدکاری خیانەتی لێکرد و ئەم کارە زۆر ناشیرینەی کرد ئەوا پێویستە لە سەری ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجامدات بۆ ئەوەی خوا لێی خۆشببێت:

**١ ـ تەوبە کردن و پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ خوا:**

﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا (٦٨) يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا (٦٩) إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (٧٠)﴾ [سورة الفرقان] .واتە: وە ئەوانەی کەوا لە گەڵ خوادا پەرستراوێکی تر ناپەرستن و هاواری تێناکەن و کەسێك ناکوژن کەوا خوا کوشتنی حەرام کردبێت ئیللا بە حەق نەبێت و زینا و داوێن پیسی ناکەن.. وە هەر کەسێك ئەمانە بکات ئەوا تاوانبار دەبێت و سزای تاوانەکەی دەبینێتەوە ،و لە ڕۆژی قیامەتدا سزاکەیان بۆ چەند قات دەکرێتەوە و بە سەرشۆڕی هەتاهەتایی تێدا دەمێنێتەوە.. ئیللا کەسێك نەبێت کەوا تەوبە دەکات و ئیمان و باوەڕ دەهێنێت و کردەوەی چاکە دەکات، ئا ئەوانە خوا خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێتەوە بە چاکە، وە خوا لێبوردە و بە بەزەیی یە.

**وە مەرجەکانی تەوبەکردنیش بریتین لە :**

أ / پەشیمان بوونەوە لە تاوان.

ب / وازهێنان لە تاوان.

ج / بڕیار دان بۆ ئەنجامنەدانی لە داهاتوودا.

**٢ ـ خۆ ستر کردن و ئاشکرا نەکردنی ئەو تاوانە:**

لە (أَبُو هُرَيْرَةَ) وە (رضي الله عنه) فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی (ﷺ): هەموو ئوممەتەکەم عەفو دەکرێت و چاوپۆشی لێدەکرێت ئیللا ئەوانە نەبێت کەوا تاوانەکانیان ئاشکرا دەکەن، وە بەڕاستی بەشێك لە تاوان ئاشکرا کردن ئەوەیە کەوا پیاو بە شەو کارێك بکات و ئەنجا بەیانی . لە کاتێکدا کە خوا دایپۆشیوە . بڵێت: ئەی فڵان من شەوی ڕابردوو ئەو کارە و ئەو کارەم کردووە، لە کاتێکدا کە لە شەودا خوای پەروەردگار دایپۆشیوە، کەچی خۆی بەیانی خۆی ئاشکرا دەکات و ستر و پەردەی خوا لە سەر خۆی هەڵدەماڵێت. [متفق عليه] .

**٣ ـ دەستکردن بە چاکەکاری و نزیك بوونەوە و تێکەڵاوی کردنی چاکەکاران و دوور کەوتنەوە لە خراپەکاری و خراپەکاران:**

چونکە لە ئایەتەکانی (سورە الفرقان)دا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿... إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا...﴾ [سورة الفرقان] .

واتە: ئیللا کەسێك نەبێت کەوا تەوبە دەکات و ئیمان و باوەڕ دەهێنێت و کردەوەی چاکە دەکات.

هەروەها پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:

((اتق الله حيثما كنت، وأتبع السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق حسن)) [صحيح سنن الترمذي رقم: (٣٥٥)] .

واتە: لە خوا بترسە و خۆپارێزی بکە لە تاوان لە هەر کوێك هەبیت، وە بە دوای تاون و خراپەدا خێر و چاکەیەك بکە بۆ ئەوەی بیسڕێتەوە، وە هەڵسوکەوت بکە لە گەڵ خەڵدا بە ڕەوشتی چاك و جوان.

**وە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەم کە بەم تاوانە و جگە لەمەش گرفتار بوون کەوا ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ڕزگاریان ببێت لە تاوانەکانیان:**

١ . وازهێنان و دوور کەوتنەوە و بە جێهێشتنی هاوەڵ و برادەری خراپ و تاوانبار و دوور لە خوا، وە بە پێچەوانەشەوە نزیك بوونەوە و تێکەڵاوی کردنی هاوەڵ و برادەری خوا ناس و چاکەکار، چونکە هاوەڵ و برادەر کاریگەریان هەیە بۆ دوور کەوتنەوە لە تاوان بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:((إنَّما مَثَلُ الجَليس الصالح والجليس السوء: كحاملُ المسك ونافخ الكير، فحاملُ المسك إمَّا أنْ يُحْذيكَ، وإمَّا أنْ تَبْتاعَ منه، وإمَّا أنْ تَجِدَ منهُ رِيحاً طَيِّبةً، ونافخُ الكير إمَّا أنْ يُحرِقَ ثيابَكَ، وإمَّا أنْ تَجِدَ منه رِيحاً خَبيثةً)) [صحيح البخاري رقم: (٢١٠١) و (٥٥٣٤) وصحيح مسلم رقم: (٢٦٢٨) من حديث أبي موسي، واللفظ المذكور لمسلم] .

واتە: نموونەی هاوەڵی چاك و هاوەڵی خراپ: وەکو هەڵگری بۆنی میسك (واتە بۆن فرۆش) و فوکار بە کوورەدا (واتە ئاسنگەر) وایە، جا هەڵگری بۆنی میسك یان لەو بۆنەت پێ دەبەخشێت یان لێی دەکڕیت یان بۆنی خۆشی لێ دەبینیت و هەڵیدەمژێت، بەڵام فوکار بە کوورەدا یان جلەکانت دەسوتێنێت یان بۆنی پیسی لێ دەبینیت و هەڵیدەمژێت.

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((لا تُصاحِبْ إلاَّ مؤمناً، ولا يأكلْ طعامك إلاَّ تَقي))

[صحيح أبي داود رقم: (٤٨٣٢)] .

واتە: هاوەڵێتی ئیماندار نەبێت نەیکەیت، وە با کەس خواردنت نەخوات ئیللا کەسێکی لە خوا ترس و خۆپارێز لە تاوان نەبێت.

٢ . دوور کەوتنەوە و بە جێهێشتنی ئەو شوێن و جێگایەی کەوا تاوانی تێدا دەست دەکەوێت، بە بەڵگەی فەرموودەی ئەو کەسەی کەوا سەد کەسی کوشت و پاشان تەوبەی کرد: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: ((اخرُجْ من القرية الخبيثة التي أنت فيها إلي القرية الصالحة قرية كذا وكذا ﴿فإنَّ بها أُناسا يعبدون الله﴾ فاعبدْ ربك ﴿معهم﴾ فيها، ﴿ولا ترجعْ إلي أرضك فإنَّها أرض سوء ﴾ )) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٦٤٠)] .

واتە: دەرچوو لەو گوندە پیسەی کە تۆ تێیدا دەژیت و بڕۆ بۆ ئەو گوندە چاکەی کەوا خەڵکانێکی تێدایە خوا دەپەرستن و تۆش لە گەڵ ئەواندا خوای پەروەردگارت بپەرستە تێیدا، وە نەگەڕێیتەوە بۆ زەویەکەی خۆت چونکە خەڵکەکەی خراپە.

٣ . ئەم خاڵە تایبەتە بەو کەسانەی کەوا تووشی تاوانی زینا دەبنەوە.. بۆ ڕزگار بوونیان لەم تاوانە دەبێت:

أ / خۆپارێزی بکەن لە نەزەر کردن و تێکەڵاوی ئافرەتان و بە تەنها مانەوە لە گەڵ ئافرەتی بیگانە و نامەحرەمدا..

ب / ژن هێنان، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء)) [متفق عليه] .

واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان هەر یەکێك لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەبوو با ژن بهێنێت، چونکە زیاتر چاو دەپارێزێت لە بینینی ناڕەوا، و پارێزەریشە لە کەوتنە داوێن پیسیەوە، ئەوەش توانای ژن هێنانی نەبوو، با پەنا بەرێتە بەر ڕۆژوو گرتن، چونکە ڕۆژوو پارێزەرە بۆی.

**لە لایەن مامۆستا ( محمد عبدالرحمن ) ەوە وەڵام دراوەتەوە**